Kovara Kurdinameyê ya Navnetewî
Uluslararası Kurdiname Dergisi
International Journal of Kurdiname

Kovara Kurdinameyê ya Navnetewî
Jimar: 4 Nîsan 2021

International Journal of Kurdiname
Issue: 4 April 2021

https://dergipark.org.tr/en/pub/kurdiname
**E-ISSN**-2687-5438

**TRANSLATION//WERGER**

# نەورۆز لە ڕوانگەی کورد و فارس – لە توێژینەوەیەکی بەراوردکاریدا *

(NEWROZ JI RWANGEHA KURD Û FARISAN – DI LÊKOLÎNEK BERAWIRDÎ DE)

(NEWROZ FROM KURDISH AND PERSIAN PERSPECTIVES -A COMPARATIVE STUDY)

Hewa Salam KHALID*

Translated by Nzar OMER *

**Article Type:** Translation Article // Gotara Wergerî
**Received // Hatin:** 09.04.2021
**Accepted // Pejirandin:** 26.04 2021
**Published // Weşandin:** 30.04.2021
**Pages // Rûpel:** 232-260

This work is licensed under the Creative Commons Attribution International License (CC BY 4.0).
http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

**Citation/Atif:** Khalid, Hewa Salam (2020). نەورۆز لە ڕوانگەی کورد و فارس– لە توێژینەوەیەکی بەراوردکاریدا, Translated by Nzar Omer, *Kurdiname*, no. 4, p.232-260

## پوختە

جەژنی نەورۆز لە سەرەتای بەهاردا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە لە ناو نەژادە ئارییەکانی وەکو کورد، فارس، ئەفغان، ئازەر، تاجیک و بەلوج. نەورۆز، وەکو یەکێک لە گرینگترین فیستیڤاڵی ئێرانییە دێرینەکان، ڕەمزی نوێبوونەوە و تازەگەری و ئازادی و ئاشتی بووە. هەرچەندە لەوانەیە دەقاودەق ڕێککەوتی ڕێوڕەسمەکە لە گروپێکی نەژادییەوە بۆ گروپێکی تر جیاوازبێت، بەڵام بەگشتی دەکەوێتە نێوان ١٩ بۆ ٢١ی ئاداری هەموو ساڵێک. چونکە، ئەم جەژنە وابەستەیە بە یەکسانبوونی شەو و ڕۆژ و ڕێککەوتی ئەم یەکسانبونەش لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە جیاوازە. ئەم فیستیڤاڵە لە لیستی یونیسکۆ بۆ میراتە کەلتورییە نابەرجەستەکانی مرۆڤایەتی تۆمار کراوە. ئەم توێژینەوەیە تێڕوانینی کورد و فارس بۆ نەورۆز ڕوون دەکاتەوە. ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لە دەرخستنی جیاوازی و هاوبەشییە سەرەکییەکان لە تێڕوانینی ئەم دوو نەتەوەیە بەرامبەر نەورۆز و شێوازی ئاهەنگگێڕانیان. ڕێبازی جۆرییێتی لە توێژینەوەکەدا بەکار هاتووە. بۆ دۆزینەوەی خاڵە لەیەکچوو و جیاوازەکان پشت بە چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە بەستراوە. بەشداربووانی چاوپێکەوتنەکان لەسەر بنەمای تەکنیکی هەڵبژاردنی مەبەستدار دیاری

* Ev gotar, wergera vê ye: "Khalid, Hewa Salam, *Newroz from Kurdish and Persian Perspectives – A Comparative Study*, Journal of Ethnic and Cultural Studies, Vol 7, No 1 (2020) .

* PhD in Kurdish language and culture, Lecturer, Kurdish language department, Koya University, Kurdistan Region – Iraq, hewa.salam@koyauniversity.org, https://orcid.org/0000-0003-4513-6596.

* Lêkolîner, nzar.00356057@gmail.com, https://orcid.org/0000-0001-8424-1888.

کراون. ئەنجامەکان ئەوە پیشان دەدەن، کە جیاوازیی زۆر هەیە لە چۆنییەتی ئاهەنگگێڕانی جەژنی نەورۆز لە نێوان ئەم دوو نەتەوەیەدا. بۆ کورد کە گەلێکی بێ دەوڵەتە، لە پاڵ باکگراوندی کەلتوری و چاندیی خۆیدا، نەورۆز هێمای بەرخۆدانە. لە کاتێکدا، نەورۆز بۆ فارس تەنیا فێستیڤاڵێکی کەلتورییە. هەرچەندە دەستپێکی ساڵی نوێی کوردی و فارسییە لە هەمان کاتدا، ڕێککەوتی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمەکە، ئەفسانەی سەرهەڵدانی، شێوازی ئاهەنگگێڕانیان و تێگەیشتنیان بۆ بنەچەی ئەو یادە جیاوازە .

**کلیله وشەکان:** نەورۆز، کورد، فارس، میراتە کەلتورییە نابەرجەستەییەکان، بنەچەی کورد

## Abstract

The celebration of Newroz/Nowruz at the beginning of spring has a long history among Aryan ethnic groups such as Kurds, Persians, Afghans, Azaris, Tajiks, and Balochs. Newroz, as one of the most important festivals of the ancient Iranians, is a symbol of rebirth, freshness, freedom, and peace. Although its exact date of observance may vary from an ethnic group to another, it mainly occurs between 19th to 21st of March because of its linkage with the Spring Equinox. The festival has been listed among the Intangible Cultural Heritage of Humanity by UNESCO. This study analyzes Newroz according to Kurdish and Persian perspectives. The primary purpose is to investigate diverse cultural perceptions toward the ancient festival among these two nations, and the way they celebrate it. The qualitative research method is used, and semi-structured interviews have been conducted to explore significant differences and similarities between the two nations' celebrations of Newroz. The participants of the study were selected using the judgmental sampling technique. Results indicate that there are numerous differences in celebrating Newroz. For the Kurds who are a stateless nation, besides its cultural background, Newroz is a symbol of resistance while for Persians it is a pure cultural festival. Even though it marks the beginning of the Kurdish and the Persian new year, their calendars, myths, the way they celebrate it, and their understanding for its origin are different.

**Keywords:** Newroz, Nowruz, Kurds, Persians, intangible cultural heritage, origin of the Kurds.

## Kurte

Pîrozbahiyên Newrozê di destpêka biharê de di nav komên etnîkî yên Arî de wekî Kurd, Faris, Afgan, Azarî, Tacik, û Beloç de xwedî dîrokek dirêj e. Newroz, wekî yek ji girîngtirîn cejnên Îranîyên kevnare, sembolek ji nû ve jidayîkbûn, nûbûn, azadî û aştiyê ye. Her çend dîroka wê ya rastîn ji komek etnîkî ji ya din cuda ye, ew bi piranî di navbera 19-ê heya 21-ê Adarê de dibe. Ew jî ji ber têkiliya wê û Ekînoksa Biharê ye. Festîval ji hêla UNESCO ve di nav Mîrata Çanda Neguhêzbar a Mirovahiyê de hatîye rêz kirin. Ev lêkolîn li gorî rwangehên Kurd û Farisan Newrozê şirove dike. Armanca bingehîn jî ronîkirina wekhevî û cudahiyên çandî û awayê pîrozkirina wê ye di nav van her du neteweyan de. Rêbaza lêkolînê ya keyfiyetê hatiye bikar anîn, û hevpeyivînên nîv-vekirî hatine kirin da ku cûdahî û wekheviyên girîng di navbera pîrozbahiyên Newrozê yên her du neteweyan de werin diyar kirin. Beşdarên lêkolînê bi karanîna teknîka nimûneya armancdar hatine hilbijartin. Encam diyar dikin ku di pîrozkirina Newrozê de gelek cûdahî hene. Ji bo kurdên ku miletekî bê dewlet in, ji bilî paşxaneya xwe ya çandî, Newroz sembola berxwedanê ye lê ji bo Farisan ew tenê cejneke çandî ye. Her çend ew destpêka sala nû ya Kurdî û Farisî be jî, salname, efsaneyên wan, awayê pîrozkirina wê û têgihiştina wan ji bo koka wê cûda ne.

**Peyvên sereke:** Newroz, Kurd, Faris, mîrata çandî ya neguhêzbar, koka Kurdan.

## پێشەکی

نەورۆز لە زمانی کوردیدا هەر بە نەورۆز و لە فارسیدا بە نوروز دەخوێندرێتەوە، کە یەکێکە لە کۆنترین فیستیڤاڵی ئارییەکان و چەندین کۆمەڵ و نەژادی جۆراوجۆر و کۆمەڵگا بڕوادارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەندێک ناوچەی ناوەڕاستی ئاسیا یادی دەکەنەوە (یونێسکۆ، ٢٠١٠). ئەم فیستیڤاڵە لە ساڵێکدا یەک جار ئەنجام دەدرێت و لەناو چەندین نەتەوەی جیاوازدا دەستپێکی ساڵی نوێیە، بەتایبەتی لەناو کورد و فارسدا. فیستیڤاڵەکە وەکو میراتە کەلتورییە نابەرجەستەییەکانی مرۆڤایەتی لەلایەن یۆنیسکۆوە ناسێندراوە و وەکو یەکێک لە مۆرکەکانی ناسنامەی نەتەوەیی کورد لەلایەن کوردەکانەوە سەیر دەکرێت. تێڕوانینی جیاواز هەیە دەربارەی بنەچەی فیستیڤاڵەکە و ئەفسانەکەی و شێوازی ئاهەنگگێڕانی و کاریگەرییە کەلتوری و سیاسییەکانی. هەرچەندە هەر دوو نەتەوەکە هێشتا لە ژێر کاریگەریی ئایینی زەردەشتی دان، کە ئایینی ڕەسەنی ئەوان بووە؛ کوردەکان وەک گەلێکی بێ دەوڵەت، لەو بڕوایە دان، کە بنەچەی نەورۆز دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتی ماد لە دەوروبەری ٧٠٠ی پ.ز.. بەگوێرەی بۆچوونی کوردەکان کاوەی ئاسنگەر، کە باپیرەگەورەی کوردەکان بووە، زوحاکی زۆرداری کوشتووە. بۆ ڕاگەیاندنی سەرکەوتنەکەی خۆی، ئاگرێکی لەسەر چیایەک هەڵ کردووە و ئەمە بووە ڕۆژێکی نوێ بۆ کورد و هەموو گەلانی نەژادی ئاری. دوای ئەوە دیاکۆ توانی حەوت هۆزە کوردییەکە یەک بخات بۆ بنیاتنانی ئیمپراتۆریەتی ماد و لەبنیاتنانی ئیمپراتۆرییەکەدا سەرکەوت.

ساڵانە یادی ئەو بۆنەیە لە کاتی یەکسانبوونی شەو و ڕۆژ لە بەهاردا 'equinox ' بەرز ڕادەگیرێت، ڕێککەوتی جێگیرکراوی جەژنی نەورۆزی کوردی ڕۆژی ٢١ی ئادارە. نەورۆزی کوردی فیستیڤاڵێکی سیاسی و کەلتورییە، ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی کوردی جیاوازە لە هی نەتەوەکانی دیکە. لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت کوردەکانیش کە دابەش بون بەسەر چەند دەوڵەتێکی جیاوازدا، بە هەمان شێوە یادی نەورۆز ناکەنەوە. ئەمەش لەوانەیە بەهۆی نەبوونی ناسنامەیەکی دەوڵەتیی هاوبەش بێت لە نێوانیاندا. فارسەکان لەو باوەڕەدان کە نەورۆز ڕۆژی یەکسانبوونی شەو و ڕۆژە لە بەهاردا، ئەم یەکسانبوونەش بە شێوەیەکی ئاسایی لە ١٩، ٢٠ یان ٢١ی ئاداردا ڕوو دەدات. بەگوێرەی بۆچوونی فارسەکان، نەورۆز هیچ پەیوەندییەکی بە چیرۆکی کاوەی ئاسنگەر و زوحاکەوە نییە و لای ئەوان ئەفسانەی کاوە و زوحاک بابەتێکی دیکەیە. هەرچەندە بابەتی چیرۆکی کاوە و زوحاک لەناو فارسەکاندا هەیە و ئەمە بەشێک بووە لە چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانیان.

لە ناو فارسەکاندا، بۆ یەکەم جار چیرۆکی کاوە و زوحاک لە شەهنامە لەلایەن فیردەوسی، شاعیری ناوداری فارس، نووسراوەتەوە . فیردەوسی 'شەهنامە' بەناوبانگەکەی خۆی لە سەدەی دەیەمدا نوسیوە. هەرچی سەبارەت بە نەورۆزە، فیردەوسی نەورۆز بە جەمشید، فەرمانڕەوای ئەفسانەییی ئێرانی کۆن، دەبەستێتەوە. بەگوێرەی ئەفسانەی فارسەکان، جەمشید شەڕی دژی وەرزی زستان کردووە، لە هەسارەی زەوی ڕۆشتووەتە دەرەوە بەرەو ئاسمان، وەکو خۆر گەشاوەتەوە لە ئاسماندا و بەسەر زستاندا سەرکەوتووە. ئەم ڕووداوە بۆ گەلانی ئێران دەستپێکی ڕۆژێکی نوێ بووە، کە بە نەورۆز ناسراوە. لە ئێستادا، نەورۆز لە ڕوانگەی فارسەکانەوە بۆنەیەکی کەلتورییە و هیچ پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە. سالانە، لە دوایەمین چوارشەممەی ساڵ دەست بە ئاهەنگگێڕان دەکەن، کە بە جەژنی چوارشەممە 'چهارشنبەسوری' ناودەبرێت و دوای سێزدە ڕۆژ لە نەورۆز دەچنە دەرەوە بۆ سەیران. ئەمەش پێی دەگوترێت سێزدەبەدەر 'سیزدەبدر' و مێزێکی تایبەت کە پێی دەگوترێت حەوت سین 'هفتسین' دەڕازێننەوە .

لە ڕێگای ئەم توێژینەوەیەوە هەوڵ دەدەین لە جیاوازی و چوونیەکی نەورۆز/نوروز لە ڕوانگەی کورد و فارسەکانەوە تێ بگەین و هەروەها ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ئایا ئاهەنگگێڕانی هاونیشتمانیانی هەردو نەتەوە لە دەرەوەی وڵات هیچ گۆڕانکارییەکی لە فێستیڤاڵەکەدا دروست کردووە؟ بۆ ئەمەش، چەندین سەرچاوە و بەڵگەنامە شرۆڤە کراون و بیرۆکە نوێیەکان تاوتوێ کراون. لە پێداچوونەوە بە بابەتەکانی پێشتردا، بنەچە و نەریتی ڕێوڕەسمی ئایینی کورد و فارس دەربارەی نەورۆز شی کراونەتەوە. هەروەها، توێژینەوەکە بە بەڵگەی زانستی دەوڵەمەند کراوە. لە ئەنجامی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی بەڵگەکان و چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندامانی هەر دووک نەتەوە، کۆمەڵێک ئەنجام بەدەست هاتوون، کە لە کۆتاییی ئەم توێژینەوەیەدا دەخرێنە ڕو.

**پێداچوونەوە بە بابەتەکانی پێشتردا**

**- نەورۆز لە لای هەر دوو نەتەوەی کورد و فارس**

لە هەر دووک زمانی کوردی و فارسیدا نەورۆز بە واتای ڕۆژێکی نوێ دێت و وشەکە لە دوو برگە پێک دێت ' نەو' واتا نوێ، برگەی 'ڕۆز/ روز' واتە ڕۆژ. لە ڕووی مێژووییەوە، بە نەورۆز گوتراوە ' نۆکرۆج' کە هەمان مانای نەورۆزی هەیە، بەگوێرەی بۆچونی ئەنوەر ( ٢٠١٦، لا. ١٥)، گەشەسەندنی ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ زمانی پەهلەوی کە یەکێک بووە لە زمانی ئێرانییە کۆنەکان. ' نۆک' واتە نوێ و 'رۆج' واتا ڕۆژ. شایەنی باسە، 'رۆج' هێشتا لە شێوەزاری زازاکیی زمانی کوردیدا بەکار دێت و مانایەکەی خۆی پاراستووە. ڕۆژی نێونەتەوەییی نەورۆز، سالانە و بە شێوەیەکی ئاسایی لە ٢١ی ئادار دایە، کە کاتی یەکسانبوونی شەو و ڕۆژە لە بەهاردا

و خەڵکی بەبۆنەی دەستپێکی سەری ساڵ و دەستپێکی بەهار لە سەرانسەری جیهاندا ئاهەنگ دەگێڕن. فیستیڤاڵی نەورۆز لە چەندین وڵات و لە چەندین شوێنی جیاوازی جیهان بەڕێوە دەچێت وەکو وڵاتانی بەلقان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناوەڕاستی ئاسیا، بەشێکی دەریای ڕەش، قەوقاز و هەرێمەکانی دیکە، کە بە درێژاییی ٣٠٠٠ ساڵ ئاهەنگیان گێڕاوە (یۆنیسکۆ، ٢٠١٠).

بنەچەی نەورۆز ناڕوونە. لەلایەک کورد دەیبەستێتەوە بە ئەفسانەی کاوە و زوحاک. لە لایەکی دیکە فارسەکان دەیبەستنەوە بە پادشایەک بە ناوی جەمشید. بەڵام ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە فارسەکان چیرۆکی کاوە و زوحاک لەگەڵ نەورۆز بەیەکەوە گرێ نادەن. شەهنامەی فارسەکان کە لەلایەن فیردەوسیەوە لە سەدەی دەیەمدا نوسراوە کۆنترین نوسراوی بەردەستە کە باسی ئەفسانەی کاوە و زوحاکی کردبێت. کە بەکورتی بەم جۆرە باسی دەکات؛ چەندین ساڵ لەمەوبەر، جیهان فەرمانڕەوایەکی بە ناوی جەمشید هەبووە. زوحاک دژی جەمشید شەڕی کردووە، بۆ چەندین ساڵ بەدوای جەمشید کەوتووە و لە کۆتاییدا کوشتوویەتی. زوحاک بۆتە فەرمانڕەوای نوێ و زۆردارێکی نوێ. ڕۆژانە دوو گەنجی دەکووشت دەیکردنە خۆراکی دوو مار، کە لەسەر شانی بوون. دوای چەندین ساڵ کاوە زوحاکی کوشتووە و بووەتە ئەفسانە. فیردەوسی (٢٠٠٦) دەڵێت کوردەکان بەهۆی دڕندەیی زوحاک ڕایان کردووە بۆ سەر چیاکان. ئەمە شێوازی گێڕانەوەی شانامەی فیردەوسییە بۆ چیرۆکی کاوە و زوحاک، بەڵام ئەو نایبەستێتەوە بە جەژنی نەورۆزەوە.

کوردەکانیش بە هەمانشێوە، لەو باوەڕەدان کاوە زوحاکی کووشتووە و ئاگرێکی گەورەی کردووەتەوە بۆئەوەی بە خەڵکی میزۆپۆتامیا و باب و باپیرانیان بڵێت، کە ئیدی ئەوان ئازاد بوونە (هیرشلار، ٢٠٠١). لە ڕاستیدا، بانگەشەکەی کورد، بە پشتبەستن بە ئەوەی کە فیردەوسی گوتویەتی، مایەی تێگەیشتنە. هەرچەندە، فیردەوسی هیچ ئاماژەیەکی بە نەژادی کاوە نەکردووە. ئێمە لەم لیکۆڵینەوەدا ئەوەشمان دۆزییەوە، کە وشەی کورد بە واتای ئاسنگەر دێت لە زمانی ئالانی 'Ossetian language' کە یەکێکە لە زمانە ئێرانییەکان و بە ئامۆزای زمانی کوردی و فارسی دادەنرێت ( بێلیڤ، ٢٠١٠). ئێمە پێمان وایە، کە زمان و کەلتوری نەژادە ئارییەکان دەکرێت یارمەتیدەر بن بۆ تێگەیشتن لە بابەتە مێژوویی و ئەفسانەییەکان. تێگەیشتنی من وەک توێژەر بۆ بابەتەکە ئەوەیە، کە واتای وشەی کورد لە پیشەی کاوە گۆڕاوە بۆ ناسنامە و پاشناو و نەژادی کاوە. لە دوای ئەو سەرکەووتنە بەسەر زوحاکدا، وشەی کورد بۆ شوێنکەوتوان و نەوەکانی کاوە بەکار هاتووە، کە ئێستا کۆی میللەتەکە بە 'کورد' ناوزەند دەکرێن. ئەم جۆرە لە گۆڕانی زمان زۆر باوە لەناو نەژادە ئارییەکاندا و گروپەکانی دیکەشدا. بە پشتبەستن بەو دەقە دەتوانین

بڵێین وشەی کورد لە ناوی پیشەی کاوەوە هاتووە و هەر وەک لە یەکێک لە زمانە ئێرانییەکانیش خستمانە ڕوو، لە بنەڕەتدا کورد بە واتای ئاسنگەر دێت.

مەسعودی و ئیستەخری، کە دوو نوسەری عەرەبینوس بوون لە سەدەی دەیەمدا، هەروەها مێژوونوسی بەناوبانگی کورد شەرەفخانی بەدلیسی لە سەدەی شازدەیەمدا ئاماژەیان بە ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر و زوحاک کردووە ( ئۆزغلو، ٢٠٠٤).

بەگشتی، گەلی کورد ئەفسانەکەی کاوە و زوحاکیش بە سەرهەڵدانی ئیمپڕاتۆریەتی مادەوە گرێ دەدات. کوردەکان باوەڕیان وایە ئاگرەکەی کاوە یەکەم ئاگری نەورۆزە کە بە مانای دەستپێکی ڕۆژێکی نوێ دێت. لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی زۆرداری زوحاک ئیمپڕاتۆریەتی ماد دامەزراوە.لە ڕووی مێژووییەوە، ئیمپڕاتۆریەتەکە لەلایەن مادەکانەوە لە دەوروو‌بەری ٧٠٠ پ.ز. دروست بووە (ئەنوەر، ٢٠١٦). ڕۆژهەلاتناس و شارەزای دۆزی کورد ڤلادیمێر مینۆرسکی یەکەم توێژەر بووە کە بانگەشەی ئەوەی کردووە کە مادەکان باب و باپیرانی کوردن (ئۆزئۆغلۆ، ٢٠٠٤). تێگەیشتنەکەی مینۆرسکی بەتەواوی لە لایەن کوردەوە پەسند کراوە. دیاکۆ یەکەم پاشای مادەکان بووە بەڵام ناوەکەی و هەریمەکەی مشتومڕی زۆر هەڵ دەگرن.

لەلایەکی دیکەوە، هەر وەک دیسان لە شەهنامەی فیردەوسی گێڕدراوەتەوە؛ فارسەکان نەورۆز دەبەستنەوە بە جەمشید کە پاشایەکی ئەفسانەیی ئێرانییەکان بووە و لە ڕووی مێژوو‌ییشەوە کەوتووەتە پێش زوحاک ( فیردەوسی، ٢٠٠٦). فارسەکان باوەڕیان وایە نەورۆز و ئەفسانەی کاوە و زوحاک هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە. نەورۆزی فارسی نیشانەی سەرەتای بەهار و نوێ بوونەوەی سروشتە (زەمانی-فەراهانی، ٢٠١٣). ئەفسانەکەی جەمشید و سەرکەوتنی ئەو دەسەڵاتدارە بەسەر زستاندا لە سەرەوە بە کورتی باس کراوە.

بەگوێرەی ڕاگەیاندنەکانی یونسکۆش، نەورۆز فیستیڤاڵێکە سنووری نەتەوەیی تێپەڕاندووە و پشتگیری بەهای ئاشتی و یەکگرتوویی نێوان نەوەکان و خێزانەکان، پێکهاتەکان و دراوسێکانیان دەکات. بەهۆی بەشداریکردنی کەلتورە جیاوازەکان، دۆستایەتیی نێوان گەلان و کۆمەڵگا جیاوازەکان، نەورۆز وەک یەکێک لە میراتە کەلتورییە نابەرجەستەکانی مرۆڤایەتی لە ڕێکخراوی یونیسکۆ تۆمار کراوە. ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە کە، ڕێکخراوی یونیسکۆ ڕێنووسی کوردی لە ناوی فیستیڤاڵەکە لابردووە، هەروەها لە ڕاگەیاندنەکانیاندا لە بارەی نەورۆزەوە ئاماژە بە کورد و نەتەوە بێ دەوڵەتەکانی دیکە ناکەن، کە بەشداری لەم فێستیڤاڵە دەکەن. ئەمەش لەوانەیە بەهۆی کاریگەریی هەندێک دەوڵەتەوە بێت، کە لە یۆنیسکۆدا کاریگەرن، بەتایبەت تورکیا و ئێران. سەبارەت بە بنەچەی نەورۆز، وەک باس کرا، نەورۆزی کورد بەڕووداوێکی مێژووییەوە بەستراوەتەوە، کە دروستبونی ئیمپڕاتۆرییەتی مادی لێ کەوتۆتەوە،

بەڵام ئەو مێژووە بە نادیاری ماوەتەوە. لە بەرامبەردا، بەگوێرەی بۆچوونی فارسەکان نەورۆز فیستیڤاڵێکی ئەفسانەییە. لە ئێستادا نەورۆز وەک هێمایەک بۆ ناسنامەی نەتەوەیی و سەرچاوەی گەشتیاری بۆ هەردوو گەل ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت.

**- گرینگیی بۆنە گەشتیارییەکان لە پێشکەوتنی کۆمەڵگاکاندا**

بەگشتی هۆکارەکان زۆرن لە دیوی پشتەوەی ڕێکخستنی فیستیڤاڵەکان لە ناو کۆمەڵگاکاندا، لەوانە ناساندنی کەلەپوور، ڕاکێشانی گەشتیار، ئاگاداربوون و شارەزابوونی لە شوێنەکان و ڕێکخستنی کاتێکی خۆش بۆ دانیشتوان و باشترکردنی جۆری ژیانیان (جودنی و هاوڕێکانی، ٢٠١٢). زۆربەی توێژینەوەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی، کە کاتێک گەشتیاران گەشت دەکەن بە لایەنی کەمەوە بەشداری لە فیستیڤاڵێکی کەلتوریدا دەکەن ( ئۆکچ، ٢٠١١). ڕێکخەرانی فیستیڤاڵەکان پێیان وابوو کە چالاکیی ڕۆشنبیریی بەرچاو دەتوانێت گەشتیار بۆ شوێنی مەبەست ڕابکێشێت. بە بۆچوونی جانسکی (١٩٨٠)، بۆنە و فێستیڤاڵەکان وەک ماوەی فەرمی یان بەرنامەی چالاکیی چێژبەخش و دڵخۆشکەر پێناسە دەکرێن، یان بۆنەکان وا پێناسە دەکرێن کە کەسایەتییەکانی ناو فیستیڤاڵەکە بە شێوەیەکی ئاشکرا بۆ هەندێک بیر و باوەڕ و چەمک کە ڕوودەدەن یان ڕاستین ئاهەنگ دەگێڕن. لە کەرتی گەشتیاریدا، بۆنە و فیستیڤاڵ و مەراسیمەکان وەک شوێنێکی گرینگی گەشتیاران ناسراون و بەو شێوەیە پلان بۆ بەرەوپێشبردنی شوێنەکە دادەنێن. ئەم جۆرە چالاکییانە لە چەند لایەکەوە گرینگن بۆ کۆمەڵگا وەکو پێشکەوتنی کەلتوری، پلاندانانی شارستانیانە، بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی، بەرزکردنەوە و بەنرخکردنی وێنەی کۆمەڵگەی ناوخۆیی و هەروەها گەشەسەندنی گەشتیاری و پلاندانان. بەدرێژایی مێژوو خەڵکی کەلتورە جیاوازەکان ڕێوڕەسم و فیستیڤاڵیان ئەنجام داوە بۆ پیشاندانی دڵخۆشی و سەرکەووتن و دەستکەوتەکانیان. بەپێی کەلتورەکان، چەند ناوێک بۆ ئەم بۆنانە دانراوە، وەک؛ فیستیڤاڵ و کەرنەڤاڵ و پێشانگا و ئاهەنگگێڕان و جەژن و یاریی چەرخ و فەلەک، کە بەشێکن لە چالاکییە ناوخۆیی و هەرێمی و نەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان. فیستیڤاڵەکان وا لە خەڵک دەکەن کە بەشداری بکەن و کەلتوری و ئەزموون و زانستی خۆیان هاوبەشی پێ بکەن. هەروەها، لە ڕێگایانەوە خەڵک جلوبەرگ و نەریتی ناوخۆ پیشانی گەشتیاران دەدەن و شێوازی ئاهەنگگێڕانی نەتەوەکەی خۆیان نمایش دەکەن ( لونا، ٢٠١٥). زۆربەی بۆنە و فێستیڤاڵە نەتەوەییەکان پشت بەژێرخانی هەنوکەیی دەبەستن و دەرفەت بۆ گەشتیاران دەڕەخسێنن بۆ ئەوەی لەچالاکییە سەرنجڕاکێشەکان دا بەشداری بکەن. بەگشتی خەڵکە خۆجێییەکان سەرکردایەتی ڕووداوەکان دەکەن و دەرفەتێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی قازانجی زۆر بکەن لە بازرگانییە بچووکەکاندا ( گیتز، ١٩٩٣). فیستیڤاڵە کەلتورییەکان هەمیشە و بەردەوام ڕۆڵی سەرەکی دەبینن، بۆ پشتگیریکردنی هاووڵاتیی ڕەسەن

و ناوخۆ بۆ پاراستنی شێوازی ژیانیان و وا دەکەن کە تاک شانازی بە کەلتور و ناسنامەی خۆیەوە بکات. هەروەها، ئەنجامدانی فیستیڤاڵ چالاکییەکی ئابوورییە کە سوود بە کۆمەڵگای ناوخۆیی دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی بەردەوام بوون و هانی بەدەستهێنانی پشکێکی یەکسان لە قازانج دەدات لە نێوان هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکاندا. فێستیڤاڵی کەلتوری زۆر بە سوودە بۆ پیشاندان و نمایشکردن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکان ( ئۆکچ، ٢٠١١). تێگەیشتنی زیاتر دەربارەی نەورۆز و بەهای ئەم بۆنەیە دەکرێت لێکەوتەی ئەرێنی هەبێت لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان و دەسەڵاتداران و گروپە نەژادییەکان. لەم چەند دەیەی ڕابردوودا، فیستیڤاڵ و مەڕاسیمەکان بوونەتە هۆکاری پەرە پێدانی پیشەسازیی گەشتوگوزار و بوون بە کەلتوری سەرنجڕاکێش بۆ ئەو وڵاتانەی کە بەناوبانگن بە هەبوونی گەشتیاری زۆر ( کارپتۆن و میکی، ١٩٩٧؛ گیتز، ١٩٩٣؛ سارانی، ٢٠٠٢؛ وۆفتەر، ٢٠١٩). بۆ ئەوەی وەک فیستیڤاڵێک بۆ سەرنجڕاکێشانی گەشتیاران سەیری نەورۆز بکەین، پێویستە لە ئاهەنگ و تێڕوانینی خەڵکی ڕەسەن و باکگراوندە نەریتییەکان و ڕێوڕەسمە ئاینییەکان تێبگەین. لەبەرئەوە بەراوردی نەورۆزی کوردی و فارسی دەکەین و لە خوارەوە بە وردتر ڕوونیان دەکەینەوە.

**ڕێوڕەسمی نەورۆزی کوردی**

نەورۆز بە ساڵی نوێی کوردی دەژمێردرێت. ڕۆژژمێری کوردی بەگوێرەی یەکسانبوونی شەو و ڕۆژ لە بەهاردا نوێ دەکرێتەوە و یەکەم ڕۆژی بەهار ١ی خاکەلێوەیە (ئیزادی، ١٩٩٢)، کە لەوانەیە بکەوێتە ڕێککەوتی ١٩، ٢٠ یان ٢١ ی ئادار. سەرباری ئەوەش، بەگشتی کوردان ٢١ی ئادار وەک یەکەم ڕۆژی نەورۆز دەبینن. نەورۆزی کوردی گرینگییەکی زۆری کەلتوری و سیاسی هەیە. بە کردنەوەی ئاگر و بازدان بەسەریدا لە ئێوارەی ٢٠ی ئادار دەست پێ دەکات. لەو ڕۆژەدا خەڵکی بە جلوبەرگی کوردییەوە لە دەوری ئاگرەکە کۆ دەبنەوە و هیوا بۆ ژیانێکی باشتر دەخوازن. هەندێک لە توێژەران پێیان وایە، کە ڕێوڕەسمی پیرۆزکردنی ئاگر لە ئایینی زەردەشتییەوە هاتووە کە ئایینی کۆنی ئارییەکان بووە ( قەرەداغی، ٢٠١٧). ئەم یادە دەوڵەمەندە بە لایەنە کەلتورییەکانی دیکەش، بۆ نمونە؛ بەخشینەوەی دیاری و خواردن و ...هتد. کورد لە مێژووی هاوچەرخدا دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نەبووە، لەبەر ئەوە دابونەریتەکانی لە ژێر کاریگەریی کەلتورە زاڵەکانی چوار دەوڵەتی سەرەکیی ناوچەکەدا بوون. کوردستانی گەورە، کە ئەو شوێنەیە کوردەکان بە دوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆوەن تێیدا، هەرێمێکی جوگرافی و مێژوویی و کەلتوری گرینگە بەسەر چوار دەوڵەتی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا دابەش کراوە. بۆ چەندین دەیەیە، بارودۆخی سیاسی لە هەر بەشێکی کوردستانی گەورە فاکتەری

سەرەکییە بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی جەژنی نەورۆز. لەبەر ئەوە بە پێچەوانەی ئاهەنگگێڕانی نەورۆزی نەتەوە و نەژادەکانی دیکە، نەورۆزی کوردی ڕەهەندی سیاسییش لەخۆدەگرێت (ئیزادی، ١٩٩٢؛ کۆلکەک، ٢٠١٥). لەدوای ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی و دروستکردنی چەند دەوڵەتێکی نەتەوەیی، کوردەکان نەیانتوانی خەونی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بەدی بهێنن. لەوانەیە هەر ئەمەش هۆکار بێت بۆ ئەوەی، کە کوردەکان فیستیڤاڵی نەورۆز وەک فیستیڤاڵێکی سیاسی سەیر دەکەن نەک تەنیا وەک فیستیڤاڵێکی کەلتوری. هەروەها، نەورۆزی کوردەکان بۆخۆی لە ئەفسانەیەکی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بریتییە لە لابردن و کوشتنی زۆردارێک بە دەستی ئاسنگەرێک. ئەمەش خۆی لە خۆیدا چالاکییەکی سیاسییە. بۆ شیکردنەوەی ڕەهەندی سیاسیی نەورۆزی کوردی، بارودۆخی سیاسی هەموو پارچەکانی کوردستان بەجیا ڕوون دەکەینەوە:

کوردستانی عێراق کە بووەتە نیشتمانی کوردە ناسیۆنالیستە هاوچەرخەکان و ناوەندی هەستی ناسیۆنالیزمی کوردەکان بووە بۆ چەندین دەیە، خەڵک و سیاسییەکانی کورد لە کوردستانی عێراقدا هەمیشە هەوڵیان داوە نەورۆز بکەنە سەرەتایەک بۆ پرسی کورد. شاعیر و سیاسەتمەداری بەناوبانگی کورد پیرەمێرد لە دوای ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەستەمبوڵەوە گەڕایەوە بۆ سلێمانی. ئاهەنگی نەورۆزی بەشێوەیەکی ڕێکخراو بەڕێوە دەبرد و خەڵکی ناوچەکەی بانگێشت دەکرد. پیرەمێرد لەسەر گردی ' مامە یارە ' خواردن و خواردنەوەی پێشکەش دەکردن (حەکیم، ٢٠١٦). دوای چەندین ساڵ ئەم جۆرە ئاهەنگگێڕانە بووەتە دەستوری ئاهەنگگێڕانی نەورۆزی کوردی. ئاهەنگی نەورۆزی ١٩٤٥ بە یەکێک لە بەناوبانگترین ئاهەنگەکانی نەورۆز دادەنرێت لە مێژووی کورددا. ڕاوێژکاری وەزیری ناوخۆی عێراق سێسیل جەی ئەدمۆندز، کە پارێزگاری بەوەکالەت بوو، بۆ کۆتا جار سەردانی سلێمانی کرد. لە ماوەی مانەوەی لە شارەکەدا بەشداری ئاهەنگی نەورۆزی کرد کە شاعیری کورد بێکەس لە بەردەمیدا وەستاو و شعرێکی شۆڕشگێڕانەی بۆ خەڵکەکە خوێندەوە کە بۆ سازکردنی ئاهەنگی نەورۆز لەوێ کۆببوونەوە (بێکەس، ٢٠١٣). شیعرەکەی بێکەس ئەم دەقەی خوارەوە بوو:

بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم
بە نان و ئاو و جل و بەرگی خۆم
خزمەتم کردی لە ئێران و ڕۆم
لە پێناوی تۆ شکاوە ئەستۆم
کەچی هێشتا هەر دیل و ڕەنجەڕۆم

گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟
بۆچی بە ناحەق وا سووکت کردم؟

بیست و حەوت ساڵە من ئەڕەتێنی
بە فڕ و فیشاڵ من ئەخەڵەتێنی
ڕۆژێ نەوعێکم هەڵ ئەپەڕێنی
بۆ مەرامی خۆت ملم ئەشکێنی
کە ئێشت نەما وازم لێدێنی
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟
بۆچی بە ناحەق وا سووکت کردم؟

بیست و حەوت ساڵە من تووشی تۆ بووم
لە ڕێی ژیانا هیچ پێش نەکەوتووم
لات و پەژموردەم، هەر وەکوو مردووم
قسەی خۆمان بێ حەشرت پێ کردووم
هیوام نەماوە تازە لەدەست چووم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟
بۆچی بە ناحەق وا سووکت کردم؟

بیست و حەوت ساڵە تاڵە ژیانم
لەژێر دەستیی تۆ زۆر پەرێشانم
لە ئینسان ناچم، عەینی حەیوانم
کەی ڕزگار ئەبم ماڵی وێرانم؟
وا بەخۆت ئەڵێی حامی گەلانم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟
بۆچی بە ناحەق وا سووکت کردم؟

بیست و حەوت ساڵە من بە تەماتم
چاوەڕێی نەختێ لوتف و خەڵاتم

ببوژێتەوە خاکی وڵاتم
هیچ گوێ نادەیتە دەرد و ئاواتم
چوونکە ئەیزانی بێ دەسەڵاتم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟
بۆچی بە ناحەق وا سووکت کردم؟

بیست و حەوت ساڵە زوخاو ئەنۆشم
لە زوڵم و جەورت هەر چاو ئەپۆشم
بۆ ڕەزامەندی تۆ تێئەکۆشم
لەبەر تۆ زەربەم داوە لە خۆشم
وا تێگەیشتم کە چەند بێهۆشم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟
بۆچی بە ناحەق وا سووکت کردم؟

بیست و حەوت ساڵە تەفرەی خۆم داوە
وازم لە هەموو کەسێک هێناوە
تۆم گرتوە و دنیام خستۆتە لاوە
بۆیە پێم ئەڵێن کەر و ڕێشگاوە
ئەوەی تۆی ناسی ملی شکاوە
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟
بۆچی بە ناحەق وا سووکت کردم؟

بیست و حەوت ساڵە دەم بەهاوارم
جارێ ناپرسی لە حاڵی زارم
سووتام، پرووکام، زۆر بێقەرارم
ئەزانی لە تۆ بۆچی بێزارم؟
شارەزای دەردمی ناکەی تیمارم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟
بۆچی بە ناحەق وا سووکت کردم؟

بیست و حەوت ساڵە بەبێ زیاد و کەم
ئەپاڕێمەوە، هەر هاوار ئەکەم
یاخوا کافریش نەبێ بە جەستەم
وێڵ و سەرگەردان، بێ تین و خەستەم
هیچم پێناکرێ، دیل و دەسبەستەم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟
بۆچی بە ناهەق وا سووکت کردم؟

بیست و حەوت ساڵە دڵم لێت پڕە
ئەحواڵم بەدەس تۆوە زۆر شڕە
سەد بەڵێن دەدەی لەلای من تڕە
بەسیەتی ئێتر ئەم وڕە وڕە
نۆکەریت ناکەم ورگم هەڵدڕە
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟
بۆچی بە ناحەق وا سووکت کردم؟

من ڕەنجبەرێکم پاک و بەسەزمان
هەوڵم بۆ داوی بە دڵ و بە گیان
بەسیەتی ئێتر درۆ و تەفرەدان
ئەمکەی بە دیلی عێراق و ئێران
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟
بۆچی بە ناحەق وا سووکت کردم؟ (شیعرەکە بۆ دەقە کوردییەکە لە لایەن وەرگێڕەوە و لەسەر ڕەزامەندی توێژەر زیاد کراوە)

بۆ بەشداربووانی ئاهەنگەکە، ئەم ڕووداوە ساتێکی لەبیرنەکراو بوو. چونکە ڕاوێژکاری بەریتانیا ڕۆڵی گرینگی گێڕا لە بەیەکەوەبەستنی ئەم بەشەی کوردستان بە عێراق و خەونی جوڵانەوە ئازادیخوازە کوردییەکانی بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ناشت. ئەم بۆنە مێژووییەی نەورۆز بووەتە ڕەمزی بەرخۆدان دژی چەوساندنەوە و زۆرداری. لەبەر ئەوە ئەم جۆرە

ڕێوڕەسمەی نەورۆز لەلایەن کوردەکان بەردەوام نوێ دەکرێتەوە و بووەتە نەریتێکی نەتەوەیی. لە سەردەمی بەعسدا، قەدەغەکردنی نەورۆز لەلایەن حکومەتی عێراقی ئەو کاتەوە ڕەهەندی سیاسی نەورۆزی کوردی بەهێزتر دەکرد. لە ڕاپەڕینی ١٩٩١، کورد سەرکەووتنی ڕاپەڕینی خۆیان بەسەر عێڕاقدا ڕاگەیاند و لە ١٩ ئاداردا هێزی عێڕاقیان لە کۆتا ناوچەی کێشەلەسەر، کە کەرکوکە دەرکرد (ماکدواڵ، ٢٠٠٤، لاپەڕە ٣٧٢) و ئاگری نەورۆزی سەرکەوتنیان لەوێ کردەوە. دوای بەدەستهێنانی خۆبەڕیوەبەری لە کوردستانی عێراقدا، نەورۆز وەک پشووی نیشتمانی بۆ پیرۆزکردنی ناسنامەی کورد بەڕەسمی ناسێندرا، بەگوێرەی ساڵنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سێ ڕۆژ بۆ پشووی نەورۆز دیاری کراوە ( حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٠).

ئاشکرایە، ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر پارچەکانی تر هەیە و هەبووە. هەرچی دەربارەی کوردەکانی تورکیایە، بەهۆی حکومەتی تورکی دەیان ساڵە مافی کەلتوری و سیاسییان لێ ستێندراوەتەوە. جلوبەرگ و زمان و نەریتەکانیان و لە ناویشیاندا جەژنی نەورۆز، چەندین ساڵە بە پاڵپشتیی یاساکانی ئەو ڕژێمە قەدەغە یان سنوردار کراوە. دەوڵەتی تورک لە سەرەتادا هەوڵی دا، کە ئەو ئاهەنگە بسڕێتەوە یان تێکەڵ بە نەورۆزی فارسی بکات. چونکە گەلی کورد ئاهەنگی نەورۆز تەنیا وەک ئاهەنگێکی کەلتوری نابینن، بەڵکو وەک ڕۆژێک بۆ نوێبوونەوەی خەونی سەربەخۆیی و بەرخۆدانی خۆیان دەیبینن، کە ئەمەش تێڕوانینێکی سیاسییە ( هێرشلەر، ٢٠٠١؛ جامسۆن، ٢٠١٦؛ یانک، ٢٠٠٦). لە ساڵانی نەوەدەکاندا، سەرۆک شارەوانییە کوردەکان لە تورکیا ناچار بوون لە جیاتی وشەی نەورۆز وشەی نڤروز بەکار بهێنن، ئەمەش بەهۆی قەدەغەکردنی پیتی 'ق، خ، و' بوو بەگوێرەی یاسا بەرکارەکانی ئەوسای تورکیا ( جامسۆن، ٢٠١٦). چونکە ئەو پیتانە لە ئەلفبێی کوردیدا هەن و لە ئەلفبێی تورکیدا نین. دەوڵەتی نوێی تورکیا لەسەر بنەمای یەک نەتەوە و یەک زمان و یەک ئاڵا دامەزراوە. لەبەر ئەوە کورد و گروپە نەژادییەکانی دیکە بۆ ماوەی چەندین ساڵ جلوبەرگ و زمانی خۆیانیان لێ قەدەغە کرا. هەرچەندە کوردەکان ئەم قەدەغەکردنەیان هەرگیز پەسند نەکردووە، تەنانەت لە سەختترین بارودۆخەکاندا یادی نەورۆزیان کردووەتەوە. باجی ئەم جۆرە ئاهەنگانە بە ئازار بوو؛ یەکەم مۆڵەتی فەرمی بۆ ئاهەنگی نەورۆز لە تورکیا لە ساڵی ١٩٩٢ بوو؛ کە بووە هۆی ئەوەی سەربازانی تورکیا ئاهەنگگێڕان کۆمەڵکوژ بکەن. لەو یادەدا، هێزەکانی تورکیا لە شارۆچکەی جەزیرەی بۆتان چەندین خەڵکی مەدەنیان کوشت، کە دواتر بە نەورۆزی خوێناوی ناسرا (ئاڤیبووری، ١٩٩٦). هەروەها زۆربەی ئاگربەستەکانی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و حکومەتی تورکیا لە نەورۆزدا بوون، کە یەکەم ئاگربەست لە ساڵی ١٩٩٣ و دوایین ئاگربەست

له ساڵی ٢٠١٣ بوو (ئەنسارئۆغلۆ، ٢٠١٣). لەم ساڵانەی دواییشدا، ئەمە بووە بە نەریت کە گەلی کورد لە هەر شارێکی باکوری کوردستان ڕۆژێک بۆ ئاهەنگەکانی نەورۆز دیاری دەکەن و ئەم ئاهەنگگێڕانانە نزیکەی هەفتەیەک بەر لە نەورۆز دەست پێ دەکەن. هەتا ئێستا لە تورکیا هیچ پشوویەکی فەرمی نییە کە تایبەت بێت بە نەورۆز. لەگەڵ ئەوەشدا شارەوانییە هەڵبژێردراوەکانی کورد یان حزبە کوردییەکانی وەک هەدەپە و دەبەپە بەبەرپرسیارەتی خۆیان هەڵ دەستن و ئاهەنگە جەماوەرییەکان ڕێک دەخەن. ئەوان نەورۆز بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی خەڵکی ئاگاداربکەنەوە دەربارەی سیاسەتی دەوڵەتی فاشیستی تورکی. هەر ساڵێک دروشمێک دەلکێنن بە ناوی نەورۆزەوە، بۆ نمونە 'نەورۆزی ئازادی، نەورۆزی ئاشتی، نەورۆزی بەرخۆدان و هتد'. لە ئێستادا، ساڵانە گەورەترین ئاهەنگی نەورۆز لە دیاربەکر 'ئامەد' ئەنجام دەدرێت، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ٢١ی ئاداردا بەڕێوە دەچێت. لە ئامەددا، ملیۆنان کورد لە گۆڕەپانەکانی نەورۆز کۆ دەبنەوە و داواکارییەکانیان بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و ئاشتی و سەربەخۆیی دوپات دەکەنەوە (فیلیپ، ٢٠١٧).

کوردەکانی ئێران بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی فارسەکاندا بوون ( ئیزادی، ١٩٩٢). لەگەڵ ئەوەشدا، تا ڕادەیەکی زۆر کەلتوری خۆیان پاراستووە. ئەوەی سەرنجڕاکێشە، هاوشێوەی فارسەکان، کورد لە ئێران بەگوێرەی یەکسانبوونی شەو و ڕۆژی بەهار ئاهەنگی نەورۆز دەگێڕن. لە دوایین ئێوارەی مانگی ڕەشەمێ ئاگری نەورۆز هەڵ دەکەن و و لە یەکەم ڕۆژی مانگی خاکەلێوە دەست بە ئاهەنگگێڕان دەکەن و سەردانی یەکتر دەکەن. لە ئێستادا نەورۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر کاریگەری کۆمەڵەی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی کورد دایە. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ئێران و پارتی ژیانی ئازادی کوردستان PJAK ناوی نەورۆز بە گوێرەی بارودۆخی سیاسیی کورد لەو پارچەیەی کوردستان دەنێن و داوا لە دانیشتوانی ناوخۆ دەکەن بۆ ئەوەی لە چەند شوێنێکی وەک ئاوایییەکانی نێی و سلڤانا و نەستان و ...هتد کۆ ببنەوە. هاوشێوەی بەشەکانی دیکەی کوردستان ئەمە نمایشێکی سیاسییە لە دژی زوڵم و زۆرییەکانی ڕژێمی ئێران.

دەیان ساڵە کوردەکانی سوریا لە ڕووی سیاسییەوە کەمتر چالاک بوون بە بەراورد بە پارچەکانی دیکەی کوردستان. هەرچەندە ئەوانیش کاتێک هەوڵیان داوە ئاهەنگی نەورۆز بگێڕن، بەردەوام ڕووبەڕوی ئاستەنگ بوونەتەوە. بەهۆی ئەوەی عەلەوییەکانی سوریا خۆشیان ئاهەنگی نەورۆز دەگێڕن، ئەمە وای کردووە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان چاوپۆشی لە ئاهەنگە کوردییەکانیش بکەن (ئیزادی، ١٩٩٢). دوای سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی سوریا، کوردانی سوریا بوون بە گرووپێکی سیاسیی گرینگ. هەر زوو توانیان ناوچە ڕەسەنەکانی خۆیان کە بە

'ڕۆژئاوا یان ڕۆژئاڤا ' ناسراوه له باکووری سوریا کۆنترۆڵ بکەن. پێش شەڕی ناوخۆی سووریا، زۆرێکیان ڕەگەزنامەی سوورییان پێ نەدرابوو و لەژێر زوڵم و زۆرداریدا مابوونەوە (ماکدواڵ، ٢٠٠٤). دوای ئەوەی ڕۆژئاڤایان کۆنترۆڵ کرد، هاوشێوەی کوردەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق نەورۆزیان بەیاسایی کرد. لە ئێستادا، لە ڕۆژئاوای کوردستان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە پشووی نەتەوەییە. کاتێک تورکیا و بەکرێگیراوەکانیی تورکیا بەشێک لەو شارانەیان داگیر کرد، کە دانیشتوانەکەیان کورد بوون؛ وەک عەفرین، سەرەتا پەیکەری کاوەی ئاسنگەریان لە ناوەندی شاردا شێواند. چونکە ئەوانیش پێیان وابوو کە بەم جۆرە شکستی هێزە کوردییەکان ڕادەگەیەنن و دەبنە هۆکاری سڕینەوەی ناسنامەی کورد (عەشاوی، ٢٠١٨). ئەمەش مانایەکی گرینگی هەیە و دەیسەلمێنێت؛ کە نەورۆز و چوارچێوە مێژوویی و ئەفسانەییەکەی، کە خۆی لە کاوەی ئاسنگەردا دەبینێتەوە، نەک هەر وەک ڕەمزی نەتەوەیی لە لایەن کورد خۆیەوە سەیر کراوە، بەڵکو لەلایەن گروپە نەژادییەکانی دیکە و نەتەوە دراوسێکانی کوردیشەوە وەکو ڕەمز و ناسنامەی نەتەوەیی کورد سەیر دەکرێت.

**ڕێوڕەسمی نەورۆزی فارسی**

نەورۆز هەروەها بۆ فارسەکانیش یەکێکە لە گرینگترین ڕێوڕەسمەکان. ئەم فیستیڤاڵە سامانێکی زۆری وەک نەریت و جلوبەرگی کۆن لە خۆ دەگرێت. ئاماژە بە بەردەوامیی کەلتوری کۆنی فارسی دەکات، کە لە چەندین کوێرەوەری و بارودۆخی گوماناوی ڕزگاری بووە. هەروەها نەورۆز دەستپێکی سەری ساڵی فارسییە. حەیدەری و مەلایەری دەڵێن نەورۆز زیاتر لە ٣٠٠٠ ساڵە لە یەکەم ڕۆژی بەهار یان لە کاتی یەکسانبوونی شەو و ڕۆژدا بەڕێوە دەچێت، کە بە زۆری دەکەوێتە ١٩- ٢٠ ئادار و لە یەکەم ڕۆژی فەروەردین لە ساڵنامەی هەتاویی ئیسلامیدا دێت، هەرچەندە بۆ قسەکانیان هیچ بەڵگەیەک ناخانە ڕوو. بەپێی توێژینەوەکەی حەیدەری و مەلایەری (٢٠٠٤ )، نزیکەی ٦٤٪ ی هەموو چالاکییەکانی نەورۆز لە ٢٠ی ئادار و بە پشتبەستن بە شوێنی شاری تاران لەسەر هێڵەکانی درێژی لەسەر نەخشەی جیهان ئەنجام دەدرێن. (خشتەی ١ ببینە).

| ڕۆژەکانی مانگی ئادار | یەکسانبوونی شەو و ڕۆژ | ڕێژە |
|---|---|---|
| 18 | 0 | 0 |
| 19 | 33 | 3.6 |
| 20 | 584 | 63.6 |
| 21 | 301 | 32.8 |
| 22 | 0 | 0 |

خشتەی یەکەم: ڕۆژەکانی یەکسانبوونی ڕۆژ و شەو بەگوێرەی ڕۆژژمێری ئێرانی (١٥٨٣-٢٥٠٠ز.)

جەژنی نەورۆز لە چەندین ڕێوڕەسم و نەریت پێک دێت، ئەو نەریتانە بە تێپەڕبوونی کات، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کەلتورییانەی لە ناوچە جیاجیاکاندا بەدی کراون، گۆڕاون. لەناو فارسەکاندا ئاهەنگی یەکەم ڕۆژی نەورۆز بە سەردانکیردنی خێزان و هاوڕێیان و گۆڕینەوەی دیاری دەست پێ دەکات. فارسەکان لەو باوەڕە دان نەورۆز بەبیرهێنەرەوەی بەهاکانە، کە دەبێتە هۆی لێکتێگەیشتن و یەکگرتن و ئاشتی و لەم ڕێگایەوە هەموو خەڵک پێکەوە دەبەستنەوە. لە کەلتوری فارسیدا ئامادەکاریی نەورۆز بە پاککردنەوەی ناو ماڵ دەست پێ دەکات، کە پێی دەڵێن 'خانە-تەکانی'. ئەمەش بە مەبەستی پاککردنەوەی ماڵە لە ناڕێکی و تەپوتۆز، کە لە ساڵی ڕابردووەوە لەوێ کۆبووەتەوە. هەروەها بەگوێرەی بۆچوونی فارسەکان، نەورۆز و ساڵی نوێ پاکی و تازەگەری بۆ خێزانەکان دەهێنێت. بەرلە نەورۆز گژ و گیا گەشە دەکات و سروشت نوێ دەبێتەوە. هەر بۆیە، گیا یەکێکە لە توخمەکانی سفرەی 'حەفت-سین'. خوان یان سفرەی حەفت-سین لە حەوت کەرەستەی ڕەمزی پێک دێت کە لە ئەلفبێی فارسیدا بە پیتی 'س' دەست پێ دەکەن. هەر پارچەیەک مانایەکی تایبەتی هەیە و ڕەمزێکی گرینگە، هەر وەک لە خشتەی دووەمدا ڕیز کراون. لەگەڵ نزیک بوونەوەی ساڵی نوێ ئەندامانی خێزان لە دەوری خوانی حەفت-سین کۆدەبنەوە و هیوا بۆ ساڵێکی تەندروست و بەختەوەر دەخوازن (زەمانی-فەراهانی، ٢٠١٣). لەوانەیە هۆکاری هەڵبژاردنی حەوت کەرەستە لە حەفت- سیندا پەیوەندی بە گرینگی ژمارە حەوتەوە هەبێت لە ئەفسانە فارسییەکاندا. بە بۆچوونی ئەلەڤیجە (٢٠١٣) حەوت ئاست بۆ بەدەستهێنانی پاکییەتی یان گەیشتن بە خوا لە ئایینی زەردەشتیدا هەیە و بە پشتبەستن بەو ئایینە زەوی لە ٧ چین پێکهاتووە. خەڵک نیو کاتژمێر پێش ڕۆیشتن بۆ ناو ساڵی نوێ لە دەوری ئەم خوانە یان سفرەیە کۆ دەبنەوە. ( خشتەی ٢ ببینە )

| کەرەستە سەرەکییەکان | ڕەمز |
| --- | --- |
| 1. سێو | 1. تەندروستی و جوانی |
| 2. سەوزە یان گیا | 2. لەدایکبوونەوە و نوێبوونەوەی سروشت |
| 3. سنجید | 3. خۆشەویستی و کاریگەربوون |
| 4. سماق | 4. ڕەنگی هەڵهاتنی خۆر و ژیان |
| 5. سرکە | 5. ئارامگرتن و تەمەن |
| 6. سیر | 6. بۆ تەندروستییەکی باش و وەک دەرمان |
| 7. سەمەنو | 7. شیرینی ژیان و منداڵبوون |
| **کەرەستە زیادەکان** | **ڕەمز** |

| | |
|---|---|
| 1. ئاوێنە | 1. ڕەنگدانەوەی ڕابردوو، گەشبوونەوە و ڕاستگۆیی |
| 2. پرتەقاڵ و جامێک ئاو | 2. زەوی لە ئاسماندا |
| 3. ماسییەکی ڕەنگینی زیندو لەناو ئاودا | 3. ژیانێکی نوێ |
| 4. هێلکەی ڕەنگاوڕەنگ | 4. زاوزێ و منداڵبوون |
| 5. پارەی ئاسن | 5. هەبوونی و دەوڵەمەندی |
| 6. گوڵی سومبول | 6. بەهار، ژیان، جوانی |
| 7. مۆم | 7. ژیان و دوورکەوتنەوە لە شەیتان |
| 8. گوڵی ئەسپەند | 8. چاو |

خشتەی دووەم: بابەتەکانی حەفت-سین و مانا سیمبولییەکانیان

مەراسیمی تەواوەتیی نەورۆز لە ئێوارەی چوارشەممەی ساڵی ڕابردوو دەست پێ دەکات، کە بە 'چهارشنبەسوری' ناسراوە. لە کاتی خۆرئاوابووندا مەڕاسیمی ئاگرکردنەوە بەڕێوە دەچێت و خەڵکی هاوار دەکەن و باز بەسەر ئاگردا دەدەن و دەڵێن: 'زردی من از تو سرخی تو از من' واتە 'ڕەنگە زەرد و لاوازەکەی من بۆ تۆ، ڕەنگە سور و جوانەکەی تۆ بۆ من'. ئامانجی ئەم مەڕاسیمە بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان خەڵکە (سیمائی، ٢٠٠٨). یادکردنەوەی چوارشەممە سوری کە پێش نەورۆز ئەنجام دەدرێت، چەندین نەریت لە خۆ دەگرێت. هەندێک پێیان وایە، کە چوارشەممە سوری لە ئایینی زەردەشتییەوە سەرچاوەی گرتووە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ١٧٢٥ ساڵ پ.ز. ( ڕێختەر، ٢٠٠٥). چوارشەممە سوری لە چالاکیی جۆراوجۆر پێک هاتووە، کە ئاگر کردنەوە و بازدان بەسەریدا بەشی سەرەکییە، بەدوای ئەویشدا ئەمانە هەن 'قاشق زنی'، 'ئاشی موراد'، 'فالگوشی و شل-اندازی'. لە دوای ئەم چالاکییانە، نەورۆز بە سیزدەبەدەر کۆتایی دێت، کە ئەویش بە ڕۆژی سروشت لە ئێران ناسراوە. خەڵک لەگەڵ کەسوکارەکانیان دەچنە دەشت و ڕۆژێک لەناو سروشتدا بەسەر دەبەن و یاری دەکەن و دیمەنی جوان دەبینن. کچ و ژنە گەنجەکان لە کاتی گوتنی گۆڕانییە کۆنەکان گژ و گیای نەورۆز لە قژی یەکتر دەبەستن، بە هیوای ئەوەی پێش نەورۆزی داهاتوو هاوسەرگیرییەکی باش بکەن یان منداڵێکی نوێ بخەنەوە (سیمائی، ٢٠٠٨، لاپەڕە ١٤٠٤). بەدرێژاییی مێژوو هەندێک جار بۆنەکانی نەورۆز بەئەرێنی و هەندێک جاریش بە نەرێنی سەیر کراون. لەم سەردەمەدا شێوازی یادکردنەوەی نەورۆز گونجێندراوە و پەیوەست کراوە بە تێڕوانینی کۆمەڵایەتی، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکان، گونجان و نەگونجانی ڕێوڕەسمەکان لەگەڵ یاسا حکومییە بەرکارەکاندا (بیگوناه ٢٠١٦).

## میتۆدی توێژینەوە

لەو توێژینەوەیەدا، شێوازی چاوپێکەوتنی نیمچە کراوە بەکارهێنراوە بۆ کۆکردنەوەی داتای خوێندکارانی کورد و فارس لە زانکۆی EMU لە باکوری قوبرس. بەشداربووان بە تەکنیکی هەڵبژاردنی مەبەستدار هەڵ بژێردراون. چاوپێکەوتنی نیمچە کراوە گفتوگۆیەکی زارەکییە کە توێژەر هەوڵ دەدات زانیاری لە کەسێکی دیکە وەربگرێت لە ڕێگای ئامادەکردنی چەند پرسیارێک کە خاڵی سەرەکیی بابەتەکە دیاری دەکەن. لە کاتێکدا هەموو سەرنجەکان لەسەر ناوەڕۆکەکەیە و لەم ڕێگەیەوە توێژەر هەوڵ دەدات زانیاریی زیاتر لەسەر ئەو بابەتە بدۆزێتەوە (ئاوی و دومای، ٢٠١١). چاوپێکەوتنی نیمچە کراوە یەکێکە لە باوترین ڕێگاکانی چاوپێکەوتن لەم جۆرە توێژینەوانەدا، چونکە دەکرێت گۆڕانکاری تێدا بکرێت و گفتوگۆ هەڵ دەگرێت و تێگەیشتنی ئاسانە (کڤالە و برینکمان، ٢٠٠٩). بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوان نەورۆزی کوردی و فارسی چاوپێکەوتنەکان ڕووبەڕوو ئەنجام دەدرێن. هەروەها، بۆ دۆزینەوەی ئەوەی کە ژیان لە دەرەوەی وڵات هیچ گۆڕانکارییەکی لە شێوازی ئاهەنگگێڕانی نەورۆز لەلایەن خوێندکارانەوە دروست کردووە یاخود نا، بۆ دڵنیابوون لە گفتوگۆ و گرینگی بابەتەکە، ڕێبەری چاوپێکەوتن ئامادە کراوە و جەخت لەسەر گفتوگۆکردنی ئەم بابەتانە دەبێت؛ (١) تێڕوانینی بەشداربووان بۆ یادکردنەوەی نەورۆز (٢) مانای وشەی نەورۆز لە ڕوانگەی بەشداربووانەوە، (٣) چالاکییە سەرەکییەکانی یادکردنەوەکانی نەورۆز (٤) جیاوازیی نەورۆز لە ناوخۆی وڵات و لە دەرەوەی وڵات. هەموو بەشداربووانی چاوپێکەوتنەکانی ئەم توێژینەوە خوێندکار بوون. بەشداربووان سەر بە دوو باکگراوندی نەتەوەیی جیاواز بوون، کە پێک هاتبوون لە ٥ کورد و ٥ فارس. قسەکەرەکان ٦ کچ و ٤ کوڕ بوون، تەمەنی هەموویان لە خوار ٣٥ ساڵیەوە بوو. خشتەی (٣) کورتەیەک لە زانیارییە کەسییەکانی بەشداربووانی چاوپێکەوتنەکە پیشان دەدات. هەموو چاوپێکەوتنەکان لە ناو حەرەمی زانکۆ ئەنجام دراون. هەر چاوپێکەوتنێک٣٠ بۆ ٤٥ خولەکی خایاندووە. هەموو بەشەکانی چاوپێکەوتنەکە تۆمار کراون و دواتر وەرگێڕانی فارسی و کوردی کراون. بۆ ئەوەی لە هەڵە تێگەیشتن بە دوور بین، دووبارە وەرگێڕان بۆ چاوپێکەوتنەکان کراوەتەوە و دەقە ڕەسەنەکان و دەقە وەرگێڕدراوەکان بەراورد کراونەتەوە. داتا کۆکراوەکان وەرگێڕانیان بۆ کراوە و شرۆڤە کراون. داتان لەسەر بنەمای توێژینەوەی بێرگ و هاوڕێکانی ( ٢٠٠٤ ) بەم هەنگاوانە شرۆڤە کراون: (١) بابەتەکان بە وریاییەوە خوێندراونەتەوە بۆ ئەوەی ئاستی تێگەیشتنی توێژەر زیاتر بێت و ئامادەکاری بۆ بەکۆدکردنیان بکرێت. (٢) بە سودەوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشتر جۆرەکان و شێوەی کۆدکردنەکە ڕێک خراوە ( ٣ ) لە کۆتاییدا لیستی

کۆدکردنەکان بەکار هێندراوە بۆ پەرەپێدانی تییۆرەکە و پێکهاتەی توێژینەوەکە. هەر یەک لە بەشداربووان ژمارەی تایبەتییان پێ دراوە بەمەبەستی ئاسانکاری بۆ گفتوگۆکردنی دۆزینەوەکانی توێژینەوەکە. ( خشتەی ٣ ببینە ).

| ID | Gender | Age | Position | Been to North Cyprus from | Community |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Male | Below 25 | M.S student | 2015 | Kurdish |
| 2 | Female | 26–35 | PHD student | 2014 | Kurdish |
| 3 | Female | Below 25 | B.S student | 2014 | Kurdish |
| 4 | Male | 26–35 | PHD student | 2016 | Kurdish |
| 5 | Male | 26–35 | PHD student | 2015 | Kurdish |
| 6 | Female | 26–35 | PHD student | 2013 | Persian |
| 7 | Female | Below 25 | M.S student | 2011 | Persian |
| 8 | Female | 26–35 | M.S student | 2015 | Persian |
| 9 | Female | 26–35 | PHD student | 2012 | Persian |
| 10 | Male | 26–35 | PHD student | 2012 | Persian |

خشتەی سێیەم: پرۆفایلی بەشداربووانی چاوپێکەوتنەکان

**دۆزینەوەکان : بنەچە و مانای ڕەمزیی نەورۆز**

داوا لە بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە کرا بۆ ئەوەی سەرنجی گشتیی خۆیان و ئەفسانەی گروپە نەژادیەکانی خۆیان دەربارەی نەورۆز ڕوون بکەنەوە. دۆزینەوەکان ئەوە دەردەخەن چەند جیاوازییەک لە بنەچەی ئاهەنگی نەورۆز لە ڕوانگەی کورد و فارسەوە هەیە. بۆ کورد نەورۆز بۆنەیەکی ڕەمزییە. کورد نەورۆز بە ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر و زوحاکی زۆردار دەبەستنەوە. لە تیرِوانینی کورداندا، نەورۆز ڕەمزی ئازادی و جەنگانە دژی دیکتاتۆریەت لە ئێستادا. هەروەها، لە ڕووی مێژووییەوە، کوردەکان پێیان وایە، کە سەرکەووتنی کاوە بووە هۆی سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتی ماد. یەکێک لە بەشداربووانی چاوپێکەوتنەکە دەڵێت:

مێژووی نەورۆز بە ئەفسانەی کاوە و زوحاک دەست پێ دەکات. هەزاران ساڵ پێش ئێستا دیکتاتۆرێکی زۆر خراپ بە ناوی زوحاک هەبووە. ڕۆژێک کاوە بە چەکوشەکەی زوحاک دەکوژێت. دوای کوژرانی زوحاک گەلی کورد بە بۆنەی کۆتایی هاتنی دیکتاتۆریەت ئاگر لەسەر چیا دەکەنەوە و ئاهەنگ دەگێرن. پاشان خەڵکی ناوچەکە ئەو ڕۆژەیان ناوناوە نەورۆز. دواتر ئیمپراتۆریەتی کوردیی ماد دامەزرا (چاوپێکەوتنی ژمارە ٥، نێر، تەمەن ٢٦–٣٥ ساڵ)

به پێچەوانەوە، بنەچە و سەرەتای نەورۆز بۆ فارسەکان زۆر ڕوون نییە بەڵام باوەڕیان وایە کە ئەم فیستیڤاڵە بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە کە لە مێژووی ئێرانییە کۆنەکانەوە وەرگیراوە. ئەوان پێیان وایە، کە هەموو ساڵێک زەردەشتییەکان لە سەرەتای بەهاردا بۆ نوێبوونەوە و بەپیتبوونی زەوی ئاهەنگیان گێڕاوە. لەبەر ئەوە بۆ خەڵکی فارس نەورۆز ساتی گەڕانەوەی زەوییە بۆ دۆخی نوێ بوونەوە.

هەزاران ساڵ پێش ئێستا ئێرانییە کۆنەکان ئاهەنگی نەورۆزیان لە سەرەتای بەهاردا دەگێڕا، کە لە ئایین و کەلتوری زەردەشتییەوە وەرگیراوە. لە سەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی هەخامەنشینەکانەوە هەتا ئێستا ئێرانییەکان ئاهەنگی نەورۆز دەگێڕن (چاوپێکەوتنی ژمارە ٦، مێ، تەمەن ٢٦-٣٥ ساڵ).

ئەگەر بەیەکەوە سەیری توێژینەوەکانی پێشتر و ئەم دو تێڕوانینەی سەرەوە بکرێت، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نەریتی نەورۆزی کوردی بە هۆی بارودۆخی سیاسیی کورد زۆر گۆڕاوە. نەورۆزی کوردی لە بۆنەیەکی کەلتوریەوە بووە بە بۆنەیەکی سیاسی و هەستێکی نەتەوەییی گشتی دروست کردووە، بۆ ئەوەی کوردەکان بتوانن ناسنامەی نەتەوەییی خۆیان بپارێزن و لەناو ناسنامەی دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا ون نەبن. لەگەڵ ڕووخانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی تێگەیشتنێکی نوێ بۆ یادی نەورۆز دروست بوو. کوردەکان بەتایبەت لە شاری سلێمانی جەژنی نەورۆزیان وەک ڕۆژی بەرخۆدان دیاری کرد لە دژی پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق بە فەرمانی بەریتانیا. شعری بەناوبانگی نەورۆز، کە لەلایەن پیرەمێردی شاعیر نوسراوە و دواتر لەلایەن حەسەن زیرەک کراوە بە گۆرانی کاریگەریەکی زۆری لەسەر نەوەی نوێ دروست کردووە. شیعرەکە ئەم دەقەی خوارەوەیە، کە لە ١٩٤٨دا نوسراوە:

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە، نەورۆزە، هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە

چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکوو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار

ئەو ڕەنگە سوورە بوو، کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد

نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عەشق ئەچوون بە بەرەو پیری مەرگەوە

وا ڕۆژ هەڵات لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە

تا ئێستە ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا
قەڵخانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا

پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین. (شیعرەکە بۆ دەقە کوردییەکە لە لایەن وەرگێڕەوە و لەسەر ڕەزامەندی توێژەر زیاد کراوە)

هەرچی سەبارەت بە ڕێککەوتی نەورۆزە، دیسان جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان کورد و فارسدا هەیە. زۆربەی بەشداربووانی کورد ڕۆژی نەورۆزیان بە بە ڕۆژی ٢١ی ئاداری هەموو ساڵێک دیاری کرد و ئەوان گوتیان کە لە ئێوارەی ٢٠ی ئادار دەست بە ئاهەنگگێڕان دەکەن. بەڵام کوردانی ئێران هێشتا بەگوێرەی یەکسانبوونی شەو و ڕۆژ لە بەهاردا ئاهەنگی نەورۆز دەگێڕن. مانگە کوردییەکان کە بەگوێرەی شەو و ڕۆژی بەهار دانراون ئەمانەن: [خاکەلێوە، گوڵان، جۆزەردان، پوشپەڕ، گەلاوێژ، خەرمانان، بەران، خەزان، ساران، بەفران، ڕێبەندان، ڕەشەمێ] (چاوپێکەوتنی ژمارە ٤، نێر، تەمەن ٢٦-٣٥ ساڵ). لەلایەکی دیکەوە، بەشداربووانی فارس دەڵێن کات و ڕۆژی نەورۆز هەموو ساڵێک دەگۆڕێت بەگوێرەی ڕۆژژمێری هەتاوی خۆیان، هەروەها دەڵێن لەوانەیە لە ١٩، ٢٠ یان ٢١ ی ئادار ئەم دیاردەی یەکسانبوونە ڕوو بدات و نەورۆزیش گرێدراوی ئەمەیە. هەروەها لە ڕۆژ و کاتژمێر و خولەک و چرکەی جیاوازدا ڕوو دەدات. مانگە فارسییەکان ئەمانەن: [فەروەردین، ئوردیبەهەشت، خورداد، تیر، مورداد، شەهریوەر، میهر، ئابان، ئازەر، دەی، بەهمەن، ئیسفەند] (چاوپێکەوتنی ژمارە ٦، مێ، تەمەن ٢٦-٣٥ ساڵ). دۆزینەوەکان ئاماژە بەوەش دەکەن کە ماوەی نەورۆزی کوردان سێ ڕۆژە، کە پشووە لە هەرێمی کوردستانی عێراق و خۆبەڕێوەبەریی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا 'ڕۆژئاڤا' (چاوپێکەوتنی ژمارە ١، نێر، تەمەن خوار ٢٥ ساڵ). هەروەها کوردانی ئێران دەرفەتی ئاهەنگگێڕانیان هەیە لە ماوەی پشووی فەرمی تایبەت بە نەورۆز، کە لە ئێراندا وەک پشوویێکی سەرتاسەری ڕادەگەیەندرێت. لەگەڵ

ئەوەشدا، ڕژێمی ئێران ڕێگری لە کۆبوونەوە و ئاهەنگی نەورۆزی کوردان دەکات بە شێوازە کوردەوارییەکە. بەهەمان شێوەی ئێران تورکیاش هەموو شێوازێک بەکار دەهێنێت بۆ دورخستنەوەی گەلی کورد لە ئاهەنگگێڕانی جەژنی نەورۆز. خۆشبەختانە، لەم چەند ساڵەی دواییدا پڕوپاگەندەکانی حکومەتی تورکیا کاریگەریان نەبووە. لە ئێران فارسەکان نزیکەی هەفتەیەک ئاهەنگ دەگێڕن و دوای سێزدە ڕۆژ دەچنە دەرەوە بۆ سەیران کە پێی دەگوترێت سێزدەبەدەر. شێوازی ئاهەنگگێڕانی فارسەکان بەهۆی هەبوونی ڕژێمی ئیسلامی لە وڵاتەکەدا زۆر گۆڕاوە. سیستەمە نوێیەکە ڕێگە بەو چالاکییانە نادا کە دژی یاساکانی ئایینی ئیسلامن، وەکو؛ سەما یان شاییکردن لە شوێنی گشتیدا.

هەروەها، شایەنی باسکردنە نەورۆزی کوردی هەندێک ڕەمزی تایبەت و دیاریکراوی هەیە وەکو ئاگر و بەرزکردنەوەی دوو پەنجە و ڕەنگی ئاڵای کوردستان کە ' زەرد، سەوز و سور'ە. هەروەها، نەورۆزی و گوڵە نێرگزیش، کە لە بەهاردا دەڕوێت، بەشێکن لە ڕەمزەکانی نەورۆزی کوردەواری. لە ناو کورددا، نەورۆز بووەتە فیستیڤاڵێکی سیاسی و هەمیشە وەک نامەیەکی سیاسی بەکار دەهێندرێت بۆ دوپاتکردنەوەی ئارەزووی سەربەخۆبوونی گەلی کورد. بەشداربووان تێبینیان کردووە کە هەندێک مانای ڕەمزیی تر هەن بۆ نەورۆز، بۆ نمونە نەورۆز وەک ڕەمزی ئاشتی و بەرخۆدان (چاوپێکەوتنی ژمارە ٢، مێ، تەمەن ٢٦-٣٥ ساڵ) .یەکێکی دیکە لە بەشداربووان بڕوای وایە، کە نەورۆز سەرکەووتنی سیاسی بۆ کوردان دەهێنێت (چاوپێکەوتنی ژمارە ١، نێر، خوار ٢٥ ساڵ) .بە پێچەوانەوە نەورۆزی فارسی سیاسی نییە و تەنیا بۆنەیەکی کەلتورییە. فارسەکان گژ و گیا وەکو توخمێکی گرینگی نەورۆز سەیر دەکەن، کە ڕەمزی دووبارە لە دایکبوون و نوێ بوونەوەیە (چاوپێکەوتنی ژمارە ٨، مێ، تەمەن ٢٦-٣٥).

ئەنجامی دۆزینەوەکانی ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی سەرەکی دەری دەخەن؛ کە نەورۆز بۆ گەلی کورد بۆنەیەکی سیاسییە، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا چونکە لەم ڕێگەیەوە خواستی خۆیان بۆ سەربەخۆیی و ئازادی دەر دەبڕن. بەڵام بۆ فارس، بۆنەیەکی کەلتوریە و بەبێ هیچ زەخت و زۆرێکی سیاسی هەموو بەهارێک یادی دەکەنەوە بۆ ئەوەی ئاهەنگی سەری ساڵی نوێ بگێڕن. لەوانەیە ئەمە بە هۆی ئەوە بێت کە فارسەکان دەوڵەتی تایبەت بە خۆیانیان هەیە و کوردەکان نییانە.

**دۆزینەوەکان: نەریت و چالاکییەکانی نەورۆز**

خاڵی هاوبەش و جیاوازیی زۆر هەیە لە نێوان هەر دووک کەلتوری کوردی و فارسیدا سەبارەت بەو چالاکییانەی لە فیستیڤاڵی نەورۆزدا ئەنجام دەدرێن. لە کەلتوری کوردیدا نەورۆزی

هەیە. منداڵان دەچنە دەرەوە و لە دەرگای ماڵان دەدەن، ئەمەش پێی دەگوترێت هەلاوە و مەلاوە. هەلاوە مەلاوە ناوی گۆرانییەکە کە لەو ڕۆژەدا منداڵان دەیڵێن. خەلک دیاری جۆراوجۆریان دەدەنێ، بە تایبەت هێلکەی ڕەنگا و ڕەنگ. هێلکەکان لەگەڵ پیاز دەکولێنن بۆ ئەوەی هێلکەکان ڕەنگ بگرن. لە ئێستادا، خەلک ڕەنگی جیاواز بۆ هێلکەکان بەکار دەهێنن. هەروەها جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی کوردی دەپۆشن، کە زۆربەیان ڕەنگی سەوز و سور و زەردن. چونکە ئەو ڕەنگانە هێمای ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستانن. کاتێکی خۆش و پڕ لە هەڵپەڕکێ بە بۆنەی سەری ساڵی کوردییەوە بەسەر دەبەن (چاوپێکەوتنی ژمارە ٢، مێ، تەمەن ٢٦-٣٥ ساڵ). کچ و کوڕە دڵدارەکان سێوی مێخەکڕێژ وەک دیارییەکی بەنرخ و بێهاوتا بە یەکتری دەدەن، کە لەم ساڵانەی دواییدا 'ڤین-سێڤ'یشی پێ دەگوترێت. سێوی مێخەکڕێژ دیارییەکی نایابە، کە کوڕ و کچەکان لە نەورۆزدا وەک دیاری بەیەکتری دەبەخشن (چاوپێکەوتنی ژمارە ٤، نێر، تەمەن ٢٦-٣٥ ساڵ) .

لە کەلتوری فارسیدا، هەندێک لە چالاکییەکان بەر لە هاتنی نەورۆز ئەنجام دەدەرێن، وەکو پاککردنەوەی ماڵ، چاندنی گژ و گیا، چوارشەممە سوری و کڕینی جلوبەرگی نوێ. هیچ یاسایەک نییە بۆ ماڵ پاککردنەوە. ئەمە پەیوەستە بە بارودۆخی ئابوری خەڵکی، بەڵام جلوبەرگی نوێ پێویستە پێش نەورۆز بکڕدرێت (چاوپێکەوتنی ژمارە ٨، مێ، تەمەن ٢٦-٣٥ ساڵ). بەشداربووانی فارس باسیان لە لەبەرکردنی جلوبەرگی نەریتیی خۆیان نەکرد لە نەورۆزی فارسیدا، هەروەها دیاریی نەورۆز و سێوی مێخەک ڕێژیان نییە، کە لە جەژنی نەورۆزی کورداندا هەیە. بە پێچەوانەوە، ماڵ پاککردنەوە و چاندنی گژ و گیا لەلایەن بەشداربووە کوردەکانەوە باس نەکرا. لە هەر دووک کەلتورەکەدا، لە ڕۆژی نەورۆزدا خەڵکی ئاگر دەکەنەوە. فارسەکان لە چوارشەممە سوریدا، کە دەکەوێتە کۆتا چوارشەممەی ساڵ بەسەر ئاگرەکەدا باز دەدەن و هیوای تەندوروستی و دڵخۆشی دەخوازن.

بۆ خەڵکی فارس ئاگر ڕەمزی پاکییە کە پەیوەندی بە ئایینی زەردەشتییەوە هەیە. بە شێوەیەکی ئاسایی لە کۆتا چوارشەممەی هەموو ساڵێک لە کاتی خۆرئاوابووندا ئاهەنگ دەگێڕین و لە گۆڕەپانی ماڵەوە و شوێنی جیاواز یان لەسەر شەقام ئاگری بچوک دەکەینەوە. پاشان لەگەڵ ئەندامانی خێزان و هاوڕێیان کۆدەبینەوە و لە کاتی بازدان بەسەر ئاگردا 'زەردی من بۆ تۆ، سوری تۆ بۆ من' دەڵێینەوە. وا بیردەکەمەوە، کە ئەم نەریتە لە ئایینی زەردەشتییەوە وەرگیرابێت. چونکە زەردەشتییەکان باوەڕیان بەوە هەبووە کە ئاگر پاکترین و بێخەوشترین شتە لە جیهاندا (چاوپێکەوتنی ژمارە ٦، مێ، تەمەن ٢٦-٣٥ ساڵ).

لەلایەکی ترەوە، گەلی کورد شەوێک بەر لە نەورۆز ئاگر دەکەنەوە و لە دەوری ئاگرەکە گۆڤەند و شایی دەگێڕن و هیوا بۆ ئاشتی و ئازادی دەخوازن. بەهەمان شێوەی فارسەکان،

هەندێک لە کوردەکانیش باوەڕیان وایە بنەچەی کردنەوەی ئەم ئاگرە لەم ڕۆژەدا پەیوەندی بە ئایینی زەردەشتییەوە هەیە.

لە ئێوارەی ٢٠ی ئاداردا ئاگر دەکەینەوە و ئاهەنگی گەورە ئەنجام دەدەین، هەموومان لە دەوری ئاگرەکە کۆدەبینەوە و شایی دەکەین و هیوا بۆ ئازادی دەخوازین. ئاهەنگی زۆر گەورە ئەنجام دەدەرێت هەندێجار لە شارەکانی وەک سلێمانی و هەولێر بە میۆنان خەڵک کۆ دەبنەوە (چاوپێکەوتنی ژمارە ٣، مێ، خوار ٢٥ ساڵ).

هەرچەندە، هەندێک لە کوردانی ئێران باوەڕیان وایە چوارشەممە سوری بەشێک نییە لە کەلتوری ئەوان، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە نەوەی نوێی کوردانی ئێران هاوشێوەی فارسەکان ئاهەنگ دەگێڕن (چاوپێکەوتنی ژمارە ١، نێر، خوار ٢٥ ساڵ). ئەمەش بەڵگەیە لەسەر کاریگەریی کەلتوری زاڵ بەسەر کەلتوری کەمینەکان لە ڕووی ژمارەوە. بەشداربووانی هەر دووک گروپی کورد و فارس باسی خواردن و گۆرانی و هەڵپەڕکێی نەریتی خۆیانیان کرد کە لە ڕۆژی نەورۆزدا ئەنجامی دەدەن. لە ڕاستیدا ئەم چالاکییانە بەشێکی دانەبڕاون لە نەورۆزی هەموو گەلانی دیکەش:

بۆ هەر ڕۆژێکی نەورۆز خواردنی تایبەت ئامادە دەکەین. بۆ چوارشەممە سوری' ئاش ڕێشتی' ئامادە دەکەین کە سوپێکی تایبەتیی فارسییە، هەروەها لە ڕۆژی نەورۆزدا 'سەبزی پۆلۆ ماهی' ئامادە دەکەین، کە برنجە لەگەڵ سەوزەوات و ماسی تێکەڵ کراوە. هەروەها، چەندین جۆری جیاوازی شیرینی و شەکرۆکە لە ماوەی نەورۆزدا پێشکەش دەکرێت (چاوپێکەوتنی ژمارە ٩، مێ، تەمەن ٢٦-٣٥ ساڵ).

بە شێوەیەکی ئاسایی، هەر وەک لە کەلتوری کوردیدا باوە، بەر لە نەورۆز گۆشت و چەرەسات دەکڕین. بە پێی بارودۆخ و خواستی خێزانەکان هەندێک خواردنی دیکەش دەکڕین. لە ناو کورداندا، دۆڵمە و گۆشتی برژاو و بریانی خۆشترین و باوترین خواردنن لە ڕۆژی نەورۆزدا (چاوپێکەوتنی ژمارە ٤، نێر، تەمەن ٢٦-٣٥).

بەگوێرەی قسەی بەشداربووان، ڕۆیشتن بۆ سەیران بەشێکی گرینگی ڕێوڕەسمی نەورۆزە لەناو هەر دووک کەلتوردا. هەرچەندە، فارسەکان لە ١٣یەمین ڕۆژی مانگی فەروەردین کە دەکاتە ١٣ ڕۆژ دوای دەستپێکی نەورۆز دەچن بۆ سەیران. کوردەکان بەنزیکەیی لە هەرسێ ڕۆژی نەورۆز گەشت دەکەن و دەچن بۆ سەیران. لە کەلتوری فارسیدا ماوەی نەورۆز لە سێزدەبەدەر کۆتایی دێت، هەروەها ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی سروشت ناسراوە (چاوپێکەوتنی ژمارە ٧، مێ، تەمەن خوار ٢٥ ساڵ). بەگوێرەی بەشداربووە فارسەکان ئاو ڕەمزی گەشانەوە و ڕووناکییە. بە خستنە ئاوی هەندێک گژ و گیای بەهاری ئاواتەکانیان لەوانەیە بێتە دی. لەگەڵ ئەوەشدا دۆزینەوەکان

ئاماژە بەوە دەکەن کە فارسەکان خوانی حەفت-سین یان لە نەورۆزدا هەیە بەڵام خەڵکی کورد باسی حەفت-سین یان نەکرد.

**دۆزینەوەکان: ئاهەنگگێڕانی نەورۆز لە دەرەوەی وڵات**

بەنزیکەیی هەموو بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیان دووپات کردەوە کە ئاهەنگگێڕانی نەورۆز لە وڵاتی خۆیان زۆر جیاوازە لە گێڕانی ئاهەنگی نەورۆز لە دەرەوەی وڵات، بە تایبەت باکوری قوبرِس کە شوێنی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بووە. خوێندکارانی کورد و فارس هەر دووک گوتویانە، کە لە وڵاتی خۆیان لەگەڵ هاورِێ و خێزان و خۆشەویستانیان کۆدەبنەوە، لە کاتێکدا لە باکوری قوبرِس وا نییە. هەروەها بەشداربووەکان ئاماژەیان بەوەش کرد کە بەهۆی خوێندنەکەیانەوە ئاسان نییە ئاهەنگی نەورۆز بگێڕن وەک لەوەی لە وڵاتی خۆیان دەیان کرد (چاوپێکەوتنی ژمارە ١٠، نێر، تەمەن ٢٦-٣٥). لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە خوێندکارەکان گلەیی لە بەڕێوبەرایەتیی زانکۆ دەکەن چونکە ڕێوڕەسمی نەورۆز بە کەم سەیر دەکەن و بە ئەنقەست هەوڵ دەدەن خوێندکاران بێبەش بکەن لەم یادە. بەڕێوبەرایەتیی زانکۆ پیرۆزبایی جەژنی نەورۆز لە فارسەکان دەکات، لە کاتێکدا ڕێگری لە جەژنی نەورۆزی کوردان دەکات. هەروەها لۆمەی مامۆستاکانیان کرد لەسەر ئەوەی داواکاری خوێندکارە فارسەکان بۆ وەرگرتنی ئەرکەکانیان لە دوای جەژنی نەورۆز پەسەند دەکەن، لە کاتێکدا هەمان داواکاری لەلایەن خوێندکارە کوردەکان دەکرێت بەڵام ڕەت دەکرێتەوە.

هەموو ساڵێک لە ٢١ی ئاداردا تاقیکردنەوەی زۆرمان هەیە و ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ کوردستان. ئەگەر بمانەوێت لێرە ئاهەنگی نەورۆز بکەین، ئەوا ئامادەی ئەو بەرنامانە دەبین کە لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارە کوردەکانەوە ڕێک خراوە. لێرە هەمیشە ئاهەنگەکانی نەورۆز سنووردار دەکرێن و ڕێگریان لی دەکرێت لە لایەن دەسەڵاتە تورکییەکەی ئەم هەرێمەوە. ئێمە ناتوانین یادی نەورۆز بکەینەوە، وەک ئەوەی کە خۆمان دەمانەوێت (چاوپێکەوتنی ژمارە ٥، نێر، خوار ٢٥ ساڵ).

هەروەها دۆزینەوەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریان خستووە بەهۆی هاوبەشییە کەلتورییەکانیان لە ئاهەنگی نەورۆزدا، خوێندکارانی هەر دووک کۆمەڵگاکە کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا وا دیارە خوێندکارە کوردەکان زیاتر لە ژێر کاریگەریی فارسەکاندا بن. چونکە کوردەکان نوێنەرایەتیی کۆمەڵگایەکی بچوکی کوردی دەکەن لە باکوری قوبرِسدا، لەبەرامبەردا ژمارەی خوێندکارە فارسەکانی ئەوێ زۆر زیاترە.

خشتەی ٤ پوختەیەک لە خاڵی هاوبەش و جیاوازی لە نێوان نەورۆزی کورد و فارس پیشان دەدات ( خشتەی ٤ ببینە ).

| **نەورۆزی کوردی** | **نەورۆزی فارسی** |
|---|---|
| فیستیڤاڵێکی سیاسی و کەلتورییە | فیستیڤاڵێکی کەلتورییە |
| سەرەکیترین ڕەمزەکانی بریتین لە؛ ئاگر، ڕەنگی کەسک و سور و زەرد، نیشانەی دو پەنجە بۆ سەرەوە و نەورۆزی (وەک سێوی مێخەکرێژ یان هێلکەی ڕەنگکراو) | سەرەکیترین ڕەمزەکانی بریتین لە؛ ئاگر، چوارشممە سوری، حەفت-سین و خانە تەکانی |
| لە ڕوانگەی سیاسییەوە، نەورۆز هێمای بەرخۆدانە لە دژی چوار وڵاتە داگیرکەرەکەی کوردستان و یەکگرتنی کورد. | نەورۆز لە لای فارس ڕەمزێکی سیاسی نییە. |
| چالاکییە سەرەکییەکان لە نەورۆزدا بریتین لە؛ ئاهەنگگێران و کۆبونەوەی سیاسی، سەیرانکردن و چونە دەرەوەی شارەکان، ئاگرکردنەوە، هەڵپەڕکێ و گۆرانیگوتن. | کۆبونەوە لە گروپی بچوک بچوکدا، سەیرانکردن و چونە دەرەوەی شارەکان، سەماکردن و گۆرانیگوتن. |
| سێ ڕۆژ پشووە لە هەر یەک لە هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان، بەڵام بۆ کوردانی باکوری کوردستان هیچ پشووێک دیاری نەکراوە. | لە ئێران، پێنج ڕۆژ لە دامودەزگا ئیدارییەکان و سێزدە ڕۆژ لە دامودەزگا پەروەردەییەکان پشووە. |
| بەگوێرەی ئەفسانە کوردییەکان نەورۆز لە دروستکردنی ئیمپراتۆرییەتی مادەوە دەست پێ دەکات، کە کوژرانی زوحاک بە دەستی کاوە بووە سەرەتایەک بۆ بنیاتنانی ئیمپراتۆرییەتییەکە. هەروەها، بە جۆرێک لە جۆرەکان لەژێر کاریگەریی زەردەشتییەت دایە. | بەگوێرەی ئەفسانە فارسییەکان، نەورۆز لەگەڵ سەرکەوتنی پادشا جەمشید بەسەر زستاندا دەست پێ دەکات و پیرۆزیی ئاگریش لە زەردەشتییەوە سەرچاوە دەگرێت. |
| لە ئێستادا، کوردانی باشوری کوردستان و ڕۆژئاڤای کوردستان بەئازادی یادی نەورۆز دەکەنەوە، بەڵام کوردانی باکور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێگریی گەورەیان لە لایەن ئێران و تورکیاوە بۆ دروست دەکرێت. | هیچ ڕێگرییەک لە یادکردنەوەی نەورۆزی فارسیدا نییە، هەرچەندە حوکمی ئیسلامیی ئێران هەندێک لە نەریتەکانی شێوازی یادکردنەوەی نەورۆزی گۆڕیوە. |
| لە وڵاتانی دەرەوە، نەورۆزی کوردی کێشەی بۆ دروست دەکرێت، بەتایبەت لە لایەن ئەو دەسەڵاتانەی لە لایەن تورکەکانەوە بەڕێوە دەبرێت، لە نمونەی | هیچ ڕێگرییەک لە هیچ وڵاتێک بۆ فارسەکان لە کاتی یادکردنەوەی نەورۆز تۆمار نەکراوە. |

| | |
|---|---|
| باکوری قوبرس، یان ئەوەی پێی دەگوترێت قوبرسی تورکی. | |
| لە ئێستادا، ساڵی کوردی لە ١٧٢٠ەکان دایە. | لە ئێستادا ساڵی فارسی لە ١٤٠٠ەکان دایە. |

خشتەی ژمارە (٤): جیاوازییە سەرەکییەکانی نەورۆزی کوردی و فارسی. (ساڵەکان گرێدراوی ڕێککەوتی بڵاوبونەوەی توێژینەوەکەن)

**گفتوگۆ و ئەنجام**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تێگەیشتنە لە خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی نەورۆزی کوردی و فارسی و بنەچەی دروستبوونی نەورۆز بەگوێرەی باوەڕەکانی هەر دوک نەتەوە. هەروەها تێگەیشتنە لە بەها کەلتوری و جلوبەرگ و نەریتەکان و شێوازی ئاهەنگگێرانی نەورۆز لە وڵات و دەرەوەی وڵات. ئەنجامی توێژینەوەکە وەڵامی ئەو پرسیارانەی داوەتەوە و جیاوازی و هاوبەشییەکان دەستنیشان کراون. بە شێوەیەکی سەرنجراکێش جیاوازیی زۆر گرینگ هەیە لە نێوان شێوازی ئاهەنگگێرانی فیستیڤاڵی نەورۆز. فارسەکان ئەم بۆنەیە لەگەڵ چالاکییە کەلتوری و نەریتییەکانی تر بە پشتیوانی حکومەت ڕێک دەخەن. لە کاتێکدا، سیستەمێکی یەکگرتووی سیاسی نییە لە کوردستان بۆ پشتیوانیکردن و بەرەوپێشبردنی ئەم فیستیڤاڵە و کوردەکان دابەشی سەر چوار دەوڵەتی جیاواز بوون. نەورۆزی کوردی پشوویەکی نەتەوەییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق و ڕۆژئاوای کوردستان – سوریا. کوردانی تورکیا و ئێران سەرەڕای هەبوونی چەندین بەربەستی سیاسی ئاهەنگ دەگێڕن. دروستبوونی نەورۆز و ئاهەنگگێڕان لەم ڕۆژەدا بۆ مێژوویێکی کۆن دەگەڕێتەوە. کورد نەورۆز دەبەستنەوە بە سەرهەڵدانی ئیمپڕاتۆریەتی ماد و سەرکەووتنی کاوەی ئاسنگەر بەسەر زوحاکی زۆرداردا. لەکاتێکدا، فارسەکان نەورۆز دەبەستنەوە بە ئەفسانەی جەمشید. هەروەها، هەر دوو نەتەوە کۆکن لەسەر ئەوەی هەندێک پەیوەندی هەیە لە نێوان نەورۆز و ئایینی زەردەشتی وەکو هەبوونی 'ئاگر'، کە ڕەمزی پیرۆزی زەردەشتییەکان بووە. یەکەم ڕۆژی نەورۆزی کوردان ٢١ی ئادارە، کە بە نزیکەیی دەکاتە ڕۆژی یەکسانبوونی شەو ورۆژ لە بەهاردا. لەکاتێکدا، ڕێککەوتەکە بەگوێرەی بۆچوونی فارسەکان دەکرێت ١٩ ، ٢٠ یان ٢١ ی ئادار بێت. ماوەی فیستیڤاڵی نەورۆزی کوردان سێ ڕۆژە بەڵام نەورۆزی فارسەکان ١٣ ڕۆژە. لە تورکیا هیچ پشوویەکی فەرمی نییە بۆ کوردەکان. لە ئێران یاریی ئاگرین و نەریتەکانی تری سەر بەو ڕێوڕەسمە چەند ڕۆژێک بەر لە ئێوارە گەورەکە ئەنجام دەدرێن. فارسەکان لە کۆتا ئێوارەی چوارشەممەی ساڵی ڕابردوو، کە پێی دەگوترێت

چوارشەممە سوری دەست بە ئاهەنگگێڕان دەکەن، بەڵام گەلی کورد لە ئێوارەی ٢٠ی ئادار ئاهەنگی گشتی دەگێڕن. جگە لە ئاگر، هەندێک ڕەمزی دیکە هەن، کە لەلایەن بەشداربووە کوردەکان باس کران وەکو بەرزکردنەوەی دوو پەنجە بۆ سەرەوە و سێ ڕەنگەکەی ئاڵای کوردستان و پێشکەشکردنی نەورۆزی و هتد. هەر وەکو لە پێشتردا باس کراوە، بۆ گەلی کورد نەورۆز نوێکردنەوەی خواستی یەکگرتن و بەردەوامیدانە بە بەرخۆدان. بۆ فارسەکان باوترین نەریت 'حەفت-سین 'ە کە لە ماوەی چاوپێکەوتنەکەدا لەلایەن هەموو بەشداربووانەوە باس کرا. توخم یان کەرەستەکانی حەفت-سین بۆ هەموو خێزانە فارسەکان چوون یەکن بەڵام نەریتی حەفت- سین لە کەلتوری کوردیدا بوونی نییە. یەکێکی تر لە بڕگە گرینگەکانی فیستیڤاڵی نەورۆز خواردنە، کە کورد و فارس هەر دووکیان چەرەسات و شیرینی و قاوە یان چا لە ماوەی ئەم بۆنەیە پێشکەش دەکەن. بۆ ئێوارەی سەری ساڵ ژەمێکی تایبەت ئامادە دەکرێت. کوردان عادەتەن دۆڵمە لێ دەنێن و فارسەکان سەبزی پۆلۆ ماهی ئامادە دەکەن. هەروەها، مۆسیقا و شاییکردن بەشێکی سەرەکیی نەورۆزی گەلی کوردن. لە کوردستاندا، پیاوان و ژنان جلوبەرگی کوردی دەپۆشن و لە دەوری ئاگری نەورۆز بە شێوەیەکی بازنەیی شایی دەکەن. لەناو فارسەکان شاییکردن لە نەورۆزدا و لە شوێنی گشتی باو نییە و یاسایی نییە. ئەمەش پەیوەندیدارە بە هەبوونی یاسای ئیسلامی کە هەموو لایەنەکانی ژیان لە ئێراندا بەڕێوە دەبات. هەموو بەشداربووە کورد و فارسەکان ڕایانگەیاندووە کە دەچن بۆ سەیران و گۆشت دەبرژێنن و کاتێکی خۆش لەگەڵ خێزانەکانیان لە ناو سروشتدا بەسەر دەبەن. فارسەکان لە سێزدەبەدەردا دەچن بۆ سەیران بەڵام کوردەکان هەرسێ ڕۆژی نەورۆز دەچن. ئەو شتانەی پەیوەستن بە نەریتی نەتەوەییەوە جیاوازن بۆ خوێندکارانی دەرەوەی وڵات. هەموو بەشداربووان ئاماژەیان بەوە کردووە، کە لە دەرەوەی وڵاتدا نەیانتوانیوە بە هەمان شێوەی وڵاتی خۆیان ئاهەنگی نەورۆز بگێڕن. فارسەکان بۆ چوارشەممە سوری و سێزدەبەدەر لەگەڵ یەکتری کۆدەبنەوە. ئاماژەیان بەوەش کرد کە زانکۆ بیانییەکان دەرفەتێکی سنووردار دەبەخشن بە خوێندکارەکانیان بۆ ئەوەی ئاهەنگ بە شێوەی تایبەتیی خۆیان بگێڕن. هەندێک لە فارسەکان گوتیان، کە لە دەرەوەی وڵاتیش خوانی حەفت-سین و سەبزی پۆلۆ ماهی لە یەکەم ئێوارەی نەورۆزدا ئامادە دەکەن. خاڵێکی سەرنج ڕاکێش کە لەلایەن خوێندکارە کوردەکان باسکرا ئەوە بوو کە زانکۆ و دەسەڵاتدارانی تورک لە باکوری قوبرس داوایان لە کوردەکان کردووە ئاهەنگی نەورۆز بەشێوازی کوردەواری نەگێڕن.

بە کورتی، نەریتەکان هەمان شێوەن لەگەڵ ئەو بابەتانەی لەسەر نەورۆز لە پێشتردا باس کرابوون ( حەیدەری & مەلایەری، ٢٠٠٤؛ سیمائی، ٢٠٠٨). هەروەها حەفت-سین و کەرەستەکانی هاوشێوەی توێژینەوەکانی پێشترن ( زەمانی-فەرهانی، ٢٠١٣). هەروەها، ڕوانگەی سیاسیی

کوردەکان دەربارەی نەورۆز هاوتەریب بو لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشتر (جامسۆن، ٢٠١٦؛ کایەک، ٢٠١٥؛ یانیک، ٢٠٠٦)، لەکاتێکدا هەندێک دۆزینەوەی نوێ هەیە دەربارەی کەلتوری کوردی. چونکە کەلتوری کوردی بەتەواوی توێژینەوەی لەسەر نەکراوە. ئەم توێژینەوەیە یەکەم توێژینەوەیە کە لە چەمکی نەورۆز دەکۆڵێتەوە لە ڕوانگەی دوو کەلتوری جیاوازی وەک کەلتوری کورد و فارس. پێویستە ئەو ڕاستیەش بخەینە ڕوو کە وڵاتانی وەک ئازەربایجان، ئەفغانستان، تاجیکستان و چەندین وڵاتی دیکەش ئاهەنگی نەورۆز لەژێر ناوی نەورۆز، نەورووز، نۆڤرۆز، نۆرۆز، نوورەز، نیڤرۆز و ناڤروز دەگێڕن. لە توێژینەوەکانی داهاتوودا، توێژەران دەتوانن میتۆدی دیکە بەکار بهێنن بۆ دۆزینەوەی زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم فیستیڤاڵە دەوڵەمەندە. هەروەها، چاوپێکەوتنەکانی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا سنوردار بوو بە وەرگرتنی ١٠ خوێندکار لە دەرەوەی وڵات، ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی نوێ لەگەڵ ژمارەیەکی زۆرتر لە بەشداربووانی چاوپێکەوتنەکان لەوانەیە ببێتە هۆی بەدەستهێنانی زانیاری وردتر لەو بوارەدا. هەروەها، دەتوانرێت لە توێژینەوەی داهاتوودا زیاتر جەخت بخرێتە سەر ئاهەنگی نەورۆز لەناو کۆچبەران و خستنەڕوی ئاستەنگییەکان لە ئەنجامدانی ئەم ڕێوڕەسمە لەو کۆمەڵگایانەی لە ناویدا دەژین.

**سەرچاوە:**

**لینکی تەواوی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی:** http://www.ejecs.org/index.php/JECS/article/view/318